www.3n1m.blogspot.com

# بە پێی ژێنێتیک، مرۆڤ ئەقڵی فەزاییە و لەشی ئاژەڵە



Ayub Rahmani
rahmayub@yahoo.de

## تێبینییەک بۆ سەرەتا

پێش هەموو شتێک حەز ئەکەم خوێنەرانی "دیندار"ی بەڕێز ئاگادار بکەمەوە کە ئەم وتارە ئەچێتە شەڕی ئایینەکان. مەبەست بێ ڕێزی بە بیر و باوەڕی کەس نیە، تەنیا ناساندنی کۆمەڵێک ڕاستیی زانستیی نەبێت و پێم وایە هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بەم زانیاریانە بزانن و بۆخۆشیان وەدووی زانیاری زیاتر لەمەڕ ئەم بابەتە بکەون. هاوکات پێموایە کە هەموو کەس سەربەستە ئاییندار بێت یا بێ ئایین و کەس بۆی نییە لەسەر بیر و باوەڕ و یا دەربڕینی باوەڕەکانی خۆی ئازار و ئەشکەنجە (ڕۆحی و فیزیکی) بدرێت یا خۆ کەسێکی دیکە ئازار و ئەشکەنجە بدات، منیش مەبەستم لەم نووسینە ئازاردانی کەس نییە، تەنیا تیشک ختسنە سەر ڕووناکایی لە سەر تاریکە شەوێکی هەزاران ساڵە نەبێت. بۆیە تکام ئەوەیە یا وازی لێ بێنن و مەیخوێننەوە یا ئەگەر دەیخوێننەوە بە دڵئاواڵەییەوە دەست بکەن بە خوێندنەوەی و گرنگ ئەوەیە هەتا کۆتایی بیخوێننەوە، جا ئەوجار حەزیش ئەکەم ڕەخنەکان و تێبینییەکان بە دوور لە تەعەسووبیی کوێر ببیستم و بخوێنمەوە. هیوادارم ئەم وتارە هەر هیچ نەبێت چرا لەنتەرێکی بچووک بێت لە سەر ڕێگای تاریکایی چەندین و چەندەها هەزار ساڵەی ڕابردووی مرۆڤایەتی. دیارە ئەم بابەتانەی لێر باسیان لێوە دەکەم، خەڵکانی ڕۆژئاوایی جیهان کەم تا زۆر لێیان ئاگادارن و تەنانەت سەرپەرشتیارانی گەورەی ئایینەکان وەک پاپ و ئایەتوولڵاکان و حکومەتەکانیش لە چەند و چۆنیان ئاگادارن و پسپۆڕانیان لەمبوارانەدا چالاکن و کەم تا زۆر قەبووڵیان کردوون، بەڵام بۆچی ئەم شتانە بە ڕوونی بە خەڵک ڕاناگەیەنن، یەکەم لە ترسی لەدەست چوونی کۆنتڕۆڵی خەڵکانی وڵاتەکانیان، بە تایبەت خەڵکانی ئایینی کە ئەگەر ڕاستییەکان بزانن، بە هۆی ئەو درۆیانەی تا ئێستا لەگەڵیان کراوە ئەخرۆشێن و ئاڵۆزی درووست دەبێت و دووهەمیش لەمەڕ درێژە پێدانی ئەم نەزم و قەوارە کلاسیکی و جێ کەوتووەی ئێستای کۆمەڵگاکانە، کە هەم قازانجی بۆیان هەیە و هەمیش تا ئاستێک لەسەر چەرخە کۆنەکەی خۆی ئەگەڕێ و نەزم و نەریتێکی نیسبیی پاراستووە و حەز ناکەن لێیان بشێوێت، تەنانەت ئەگەر بە نرخی مانەوەی زۆرینەی مەزنی مرۆڤایەتی لە تاریکایشدا بێت!

## ئایین درۆیە و خودا ساختەیە

لە سەر ئەم زەوییەی کە هەموومان لێی دەژین، دەیان جۆر ئایین بوونیان هەیە کە هەر کامەیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە و بە قازانجی خۆیان، بوونی ژیان، سەرهەڵدانی مرۆڤ و درووست بوونی ژیری یا ئنتێلیگێنس پاساو دەکەن و بە گشتی وڵامی دەیان و سەدان جۆر پرسیاری دیکەمان، هەر کامەیان بە شێوەی خۆیان ئەدەنەوە. بە گشتی برێک لەو وڵامانە ڕەنگە وڵامدەرەوەی هەندێک گرفت و پرسیاری ڕۆژانە بن و کۆمەڵێک و بگرە زۆرینەیەکیش قەناعەتیان پێ بێنن، بەڵام کۆمەڵێکی زۆر لەو وڵامانە هێندە دروووینە و پڕ لە دووبەرەکین کە تەنانەت هەواداران و ڕێڕەوانی خۆشیان لێیان دوودڵ و لە شک و گوومانداند. ئایینەکان بە تایبەت ئایینە ئیبراهیمیەکانی وەک جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام بۆ ڕازی کردنی ڕێڕەوانی دوودڵی خۆیان دایمە پەنایان بۆ ترس بردووە و بەوە ئەو خەڵکەیان ڕازی کردووە کە

تەزەلزول نەخەنە خۆیان و باوەڕ بکەن بە هەموو ئەو شتانەی لە کتێبەکانیاندا هاتوون، کە ئەگەر وا نەکەن و کوێر کوێرانە هەموو شتێک قەبووڵ نەکەن، ئەوا پاش مردن ڕاستە و خۆ دەخرێنە ئاگری جەهەندم و ئەکەونە بەر غەزەبی تاقە خوداکەیان، هەر ئەو خودایەی کە بە قسەی خۆیان عادڵ و ڕەحمان و ڕەحیم، لامەکان و لازەمانە، هاوکات غەزەبناک و تووڕەشە، بۆ ئەوەی کە لە شێوەی مرۆڤ و پاشاکان، گووایە ڕێڕەوانی خۆی تەنبێ دەکات ئەمە چییە، بە قسەی ئەوان، سوجدەیان بۆی نەبردووە یا خۆ بۆ ئەوەی کە سووجدە بەران لە وتەکانی ناو کتێبەکان بە گوومان بوونە! هەندێک جار مەسەلەکە هێند لەوس دەکرێت و هێند کایە بە شعووری خەڵک دەکرێت کە وتەکانی کەشیش و قەشەیەک و یا مەلا و ئاخووندێک دەکرێتە وتەی خودا و دەم بە دەم ئەیگێڕن و هەندێک جار فەتوای ئاخووندێک بەسە بۆ ئەوەی کە ڕێڕەوانی ئایینەکەی یاخی ببن و بکەونە قەتڵ و عامی ڕێڕەوانی ئایینەکان یا نەتەوەکانیتر و بێ ئایینەکان. لە مێژووی کۆن و نوێدا لەم جۆرە نموونەمان زۆر دیون یا بیستوون، وەک دادگاکانی ئینکیزاسیۆن لە سەدەکانی ناوەڕاست کە کلیسا بە ڕێوەی دەبردن یا وەک فەتواکانی خوومەینی بۆ بە جن و کافر ناساندنی کورد بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئێرانیە شیعەکان بۆ هێرش و داگیرکردنی کوردستان و هەروەها فەتوای کووشتنی سەلمان ڕووشدی نووسەری هیندی-ئینگلیسی یا فەتوای سەدام بۆ ئەنفال و جینۆساید کردنی گەلی کوردستان و یا خۆ لە بیستساڵی ڕابردوودا لە کوردستانی خۆمان کە نووسەران و جوودابیران بە فتوای مەلایەک یا سەرۆک حیزب و سەرۆک عەشیرەیەک تێرۆر کراون یا هەڕەشەی کووشتیان لە سەرە. ئەمانە بێجگە لەو هەموو قەتڵە ناموسییانەی کە بە ناوی پاراستنی ئایین و نەریت و شەرەفی پیاوانی گەورە بوو لە کۆمەڵگای دوواکەوتوو و عەشیرەیی ڕوویان داوە و ڕۆژانە قوربانی دەگرن و بکەرانیش سزا نادرێن یا زۆر بە کەمی سزای بچکۆلە وەردەگرن!



ئایینەکان و بوونی خودا لە مێژە بۆ کەسانێک جێگای باوەڕ و ڕاستگۆیی و هەقیقەت نەماون، بەڵام ئەو کەسانە زۆرتر لە ڕووی گوومان و وتە دووبەرەکییەکانی ناو کتێبە مووقەدەس کراوەکان و یا ڕەنگە لە ڕووی غەریزەوە و بە بێ فاکت و سەنەد بەو بڕوایە گەیشتبێتن. بەڵام ئەوەی کەم کەس دەیزانێت و من لەم وتارەدا بە تەمام باس و شیکاری لەسەر بکەم ئەمەیە کە دەیانساڵە بۆ زانایانی بواری ژێنێتیک و مرۆڤناسی، لێکۆڵەوەرانی سلوول ناسیی، ئەستێرە ناسان و زۆرێک لە پسپۆڕانی بواری ئاسەوارناسی و هتد بە بەڵگەوە دەرکەوتووە کە خوودی مرۆڤ و درووست بوونی ژیری یا ئەقڵ لە مرۆڤدا بەو شێوەیە نیە کە ئایینەکان هەزاران ساڵە دەرخوارد خەڵکی دەدەن و ئایینەکانیش بەو شێوەی کە ئێستا ئێمە دەیانناسین کاتی خۆی دەسەڵات بۆ مەبەستەکانی خۆیان و پێشبڕکێ و ڕەقابەتی ناو خۆیان و کۆنترۆڵی خەڵک دروستیان کردوون. بۆ ئەوەی لە ڕاستی و درووستی ئایینە گەورە بووە ئیبراهیمیەکان بگەین، کە هەر سێکیان کەم و زۆر یەک شت دەڵێنەوە و سەرچاوەکانیان دەچنەوە سەر یەک، ئەبێت بناخە و سەرهەڵدانی ژیری و ئنتێلیگێنس لە سەر ئەرز بناسین و بۆ ئەم مەبەستەش زۆر پێویستە کە هەموومان چیرۆک یا ئەفسانەی ئادەم و حەووا یا بە واتایەکیتر میکائیل و مینین بە پێی زانستیی نوێ بخوێنینەوە و هەموو وتە و لێکۆڵینەوە

نوێکان لەو بارەوە کە لێرە و لەوێ دەوترێن و ئەنووسرێن، ببیستین و بیانخوێنینەوە و فاکتەکان هەڵبەینەوە و لەگەڵ وتراوە کۆنە ئایینییەکان هەڵیانسەنگێنین، تا بزانین کامەیان لە ڕاستییەوە نیزیکترن و لۆژیکی کامەیان جێگای باوەڕترە؟
زۆر ئاسانە کەسێک بڵێت من ئاتائیستم و باوەڕم بە هیچکام لە چیرۆکە ئایینیەکان نیە و یا کەسێک بڵێت من موسوڵمان یا مەسیحیم و هیچ شتێک من لە ئایینەکەم و باوەڕەکەم دوورم ناخاتەوە. دیارە وەک باسم کردووە باوەڕی هەر کەس بۆخۆی موقەدەسە و هیچکەس نابێت لەمەڕ بیر و باوەڕی ئازار و ئەشکەنجە و یا لۆمە و تیرۆر بکرێت. بەڵام لای من ئەوە گرنگترە کە بە فاکتەوە و لە ڕووی ژیرییەوە شتەکان قەبووڵ یا ڕەت بکرێنەوە، ئەمەیان ژیرانە تر و ماقووڵانەترە، دەی با لە ڕوون بوونەوەی ڕاستییەکان و لە هەقیقەت نەترسین!

## ئەفسانە و چیرۆکی خووڵقان یا خیلقەت (Genesis)

کە باسی ئەفسانەی خووڵقان دەکرێت بەو واتایەیە کە ئەبێت هەموو بوون و نەبوون و ئاسمان و گالاکسییەکان و کەهکەشان و ئەستێرە یا هەسارەکان و خۆر و زەوی و بوونەوەران و ئاو و هەوا و بە گشتی هەر هەموویان بدەینە بەر باس و خواست و لێکۆڵینەوە، کە ئەمە نە بۆ من موومکینە و نە مەبەستی منیشە و نە لە وەها وتارێکی کورتیشدا ئەگوونجێت. ئاخر خۆ مرۆڤ هەزاران ساڵە بە دوا پرسیاری بوون و نەبوونەوەیە و هێشتا وڵامە گرنگ و سەرەکییەکان لە گوومانەکاندا ماونەتەوە. دیارە لێرەشدا ئایین، هەر وەک لە درێژەی وتارەکەشدا دێمەوە سەری، ئەگەرچی ڕەنگە قسەی باشیشی کردبێت، بەڵام لە سەرلێشێواندن و گوومڕاە کردنی خەڵکدا دەستێکی باڵای هەبووە، بۆ ئەوەی خەڵک شوێن وڵامەکان نەکەوون. دیارە مەبەستم هەموو ئایینەکانە و نەک تەنیا ئەم یا ئەو ئایین. ئایین قسەی باشی کردووە و هەندێک جار ڕەنگە کاری باشیشی کردبێت بۆ ئەوەی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەڵام لە وڵامدانەوەی پرسیارە گرنگەکاندا یا بێدەنگە دەکات یا خۆ پەنا بۆ خورافات و شتگەلی نازانستی و درۆ و دەلەسە دەبات، بۆیە زۆر حەول دەدات مێشکی زۆر کەس لە بیرکردنەوە و گەڕان بە دووا ڕاستیەکاندا گوومڕاە بکات، زۆر کەس تووشی کوێرە ڕێگاکان بکات و لە گەڕان و پرسیار ڕایان وەستێنێت!
ئایینەکان هەموو شتێک نیسبەت دەدەنەوە بە خودایەک کە لا مەکان و لا زەمانە و عادڵ و ڕەحمان و ڕەحیم و غەفوور و هتدە، بەڵام کە سەیری نووسراوە پڕ لە ناعەداڵەتیەکانی ناو کتێبە ئایینیەکان دەکەین، دەبینین کە وەها خودایەک کە ئەو کتێبانەی ناردووە و گووایە عادڵە و جیاوازی لە بەینی کەسدا ناکات و ئاگای لە خشپەی پێی مێرووەکانە و هەموو بوونەوەر بە ئیرادەی ئەو خووڵقاوە و دەخووڵقێت و ئەوەی لە ئاسمانە کە میلیاردەها میلیارد ئەستێرەی گەورە و بچکۆلە دەبن، هەموو بە ئیرادەی ئەو لە کوونفە یەکوونێکدا درووستی کردوون و قەت هەڵەش ناکات، ئەی چۆن ئەبێت هەڵەی وا گەورە و نابەجی لە کتێبە ئایینییەکاندا بکاتن، وەک بوونی چەندین و چەندەها ئایین بۆ یەک خودا یا بە خراپ باس کردنی ژنان لە هەموو ئاینەکاندا و یا درووست بوونی ئادەم لە قووڕ و ئاوی چڵکن و سک پڕ بوونی مریەمی دایکی عیسا لە خۆڕا و بە ئیرادەیەکی نادیار و مەشکووکی خودایی و قسە کردنی عیسا هەر پاش لەدایک بوون و درووست بوونی ژن لە کەلەکەی چەپی پیاو و بە حەڵاڵ زانینی کووشتنی هەوادارانی ئایینەکانی دیکە و حلاڵ کردنی خوێنی ژنان و کچان بە هۆی کردارێکی سێکسییەوە لە حاڵێکدا کە سرووشتیترین ئاکاری مرۆڤ سێکسە و هەروەها حەڵاڵ کردنی خوێنی زانایان و لێکۆڵێرەوان و دەیان و سەدان هەڵەی ترسناکی دیکە کە من لێرە ناچمەوە سەریان و هەموو کەس دەزانن مەبەستم کامانەن. ئەمانە تەنیا کورتەیەکی بچووک لە دووبەرەکییەکانی ناو ئایینەکانن، هێشتا فاکتی دیکە زۆر زۆرن.

وا تازە زانست پەروەرانی بواری ئەستێرە و ئەختەرناسی و فیزیکدان و هتد دەستیان داوەتە پێک هێنانی تەقینەوەی مەزن یا بیگ بەنگ لە گەورەترین لابراتواری زانستی جیهان لە ژنێڤ بە ناوی سێرن، کە گووایە بە دوا ئەو تەقینەوەوە بووە کە میلیۆنەها گالاکسی و میلیاردەها ئەستێرەی گەورە و بچووک لە گردوون و هەروەها زەوی و خۆرەتاوی ناو مەنزوومەی خۆریی ئێمەش پێک هاتوون. بۆیە ڕەنگە پرسیاری چلۆنایەتی بوون و نەبوون درەنگ یا زوو ولام وەرگرێتەوە یا خۆ هەرگیز وەلام وەرنەگرێتەوە. بەڵام ئەوەی کە بۆ ئێمە هەم بە پێی کتێبە ئایینیەکان (وەک چیرۆکە مێژوویەکانی ناو کتێبەکان و نەک وەک فاکتی سەلمێندراوی زانستی) و هەم بە پێی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی ئەمڕۆ موویەسەرن چۆنیەتی درووست بوونی مرۆڤ خۆی (نەک بوونەوەر بە گشتی) و پەیدا بوونی ژیرییە لە مرۆڤدا، کە ئەم زانستە تەقریبەن نوێیە و ئەگەڕێتەوە بۆ سی – چل ساڵێک پێش ئێستا کە مرۆڤ دەستی بەم زانستە گەییوە. لە بارەی درووست بوون و پەیدا بوونی مرۆڤ و ژیریی (ئەقڵ)، هەم ئایینەکان و هەمیش زانست و هەمیش تێئۆریتیکێرەکان ڕای خۆیانیان داوە. بۆ نموونە پاش ئەوەی کە چارلز داروین (1882 - 1809)وەک تێئۆریتیکێرێک وتی: "مرۆڤ لە مەیموونە و نەک لە قووڕ درووست کرابێت"، شۆڕشێکی زانستی دەستی پێکرد، هەموو ئایینەکان هەر ئەو کات چوونە ژێر پرسیارێکی مەزن. بەڵام ئەمڕۆ پاش دۆزینەوەی کۆمەڵێک ولامی دیکە، فەرزییەکەی دارووینیش ئەگەر چی بە سەرەتای دەورێکی نوێ لە ژیری و تێفکرینی مرۆڤ دەزانرێت، بەڵام خوودی فەرزییەکە بە تەوا ڕاست نازانرێت و هاوکات بە تەواویش ڕەت ناکرێتەوە. پاش دۆزینەوەی ژێن (Gen) و دێ ئین ئێس (یا دێ ئێن ئا) (DNS-DNA) لە زانستی پزشکیدا و هەڵسانگاندنی ژێنی مرۆڤ و زۆرێک لەو ئێسک و پرووسکە زۆر کۆنانەی کە دۆزراونەتەوە، مرۆڤایەتی بە کۆمەڵێک زانیاری نوێ گەیووە کە لە درێژەدا زیاتر لەو بارەوە دەخوێننەوە.

باخی ئەدەنمان هەموومان لە ئایینەکانەوە بیستووە، ئاتێئیستەکان ڕەتی دەکەنەوە کە وەها باخێک بوونی بووبێت و بە ئەفسانەی ئەزانن، بەڵام زانایان ئەمڕۆکە ئەیسەلمێنن کە باخی ئەدەن یا عەدەن ڕاست بووە و شتێکی وەک لابراتۆر و یا ئاژەڵپارێزی بووە کە دواتر ئەمەش شی دەکەمەوە چۆن. بەڵام ئێستا هەندێک لە سەرەتای پەیدا بوونی ژیریی و سەردەمی ئەدەن دوور دەکەومەوە و لەملاوەترەوە دەست پێ دەکەم، لەو کاتەوەی کە مرۆڤ لە ئەدەن هاتۆتە دەرەوە یا بە پێی ئایین دەرکراوە، جا دواتر دێمەوە سەر باسی ژیانی ناو ئەدەن و پێش ئەدەن.

مرۆڤ (با بڵێین ئادەم و حەووا یا ئادەمەکان و حەوواکان) کە لە ئەدەن نامێنن یا بە قەولی ئایین دەر دەکرێن، تووشی دەیان گیر و گرفتی ترسناک لە سەر ژیانیان ئەبنەوە. سەرما و گەرما و برسیەتی و ئاژەڵی دڕندە و لە دەست چوونی منداڵ و پەیدا بوونی هەست و سۆز و هیدیکە، هەر ئەو مەترسییانەی کە پێشتریش، پێش ئەوەی بخرێنە ناو ئەدەن تووشی بووبونەوە، بەڵام ئەو کات ئاژەڵێکی تەوا یا نیاندێرتاڵ بووبون و پێشتر هەر کە مەترسی پەیدا دەبوو خۆیان حەشار دەدا و یا ڕایان دەکرد، ئەگەر بگیرانایە و بخورانایە کە ئەوە حیسابیان چووبو، بەڵام ئەگەر ڕزگارییان ببووایە، ئەوا هەر پاش مەترسییەکە هەموو شتیان لە بیر دەچووەوە و دەگەڕانەوە حاڵەتی عادی خۆیان، چوونکە ئەو کات هەم ئاژەڵ بوون، هەم وەحشی و هەمیش "حافیزەیان" نەبووە و ئەزموونەکان و بیرەوەرییەکان لە مێشکییاندا تۆمار نەدەکران، بە واتایەکیتر هێشتا نەبووبونە مرۆڤ. بەڵام ئێستا ئاژەڵ نەماون و کراونەتە مرۆڤ! (باسی دەکەم چۆن کراونەتە مرۆڤ) بۆیە لە بێ دەسەڵاتی خۆیاندا و لە ترسدا دەبوو دایمە پەنا ببەن بۆ هێزێکی گەورەتر لە خۆیان، هەر ئەو هێزەی کە پێشتر ئەوانی لە ئەدەن پاراستبوو. ئەمان ئێستا ئەزموونەکان لە مێشکیان تۆمار دەکرێت و بیرەوەریی و هەست و سۆز و ترس و لەرزییان هەیە و لە ئێش و ئازار دەترسن و لە مەترسی جاری پێشوو یا سەرمای پێشوو یا برسیەتی پێشوو و سێلاوی پێشوو و هتد تووشی دڵەڕاوکە دەبن. بۆ تێگەیشتن ئەم نمونە دێنمەوە کە ئەگەر شێرێکی دڕندە

که لە جەنگەڵ ژیاوە و دایمە ڕاوی خۆی کردووە و سەربەست و سەربەخۆ ژیانی خۆی و خواردنی خۆی دەستەبەر کردووە، لە پڕ بیگرن و بیخەنە نێو باخی وەحش (Zoo) و ڕۆژانە سێ ژەم خواردنی حازر بخەنە بەر دەستی، و لە هەموو مەترسییەک بیپارێزن و ئیتر تووشی مەترسی و سەرما و گەرما نەبێتەوە و شوێنی گەرم و نەرمی بۆ تەرخان بکەن، پاش سێ چوار ساڵ هەر ئەو شێرە ئیتر لە جەنگەڵ ناتوانێت بژی و ئەگەر بیبەنەوە بۆ جەنگەڵ ڕەنگە زۆر زوو لە برسان بمرێت، ئەوانەی فیلمی کارتۆنی ماداگاسکاریان بینیبێت ئەزانن کە ئالێکس (شێرەکە) کە گەڕاوە جەنگەڵ چی بە سەر هات، مەبەستم حاڵەتێکی وەک ئەو کارتۆنەیە، واتە ئەو شێرە کە حافیزەی نییە، بەڵام غەریزەی ڕاو کردنی نەماوە یا زۆر کز و لاواز و تەنبەڵ بووە! مرۆڤە سەرەتاییەکانیش یا ئادەم و حەوواکان کە ئێستا ئیتر ئاژەڵ نەماون (ئەقڵییان پەیدا کردووە و هەست و سۆز و ترسییان هەیە) و چاوەدێری باخی ئەدەنیشیان ئیتر لە سەر نەماوە، ئەکەونە بەر گیر و گرفتی برسیەتی و سەرما و گەرما و ترسی ئێش و ئازار و هیدیکە بۆیە لە ترسی گیانی خۆیان و لەمەڕ بیرەوەرییە ناخۆشەکانیان ڕوویان کردۆتە یەکتر و بە کۆمەڵ ژیاون، بۆ ئەوەی لە یەکگرتووییاندا باشتر توانیویانە خۆیان ڕزگار بکەن و خۆیان بپارێزن و بەرگری لە خۆیان و منداڵیان بکەن، هاوکات پێکەوە بچنە ڕاو و ئاژەڵە ترسناکەکان ڕاو بکەن و بەم شێوە برسیی و تینووش نەمێنن و پاشان بیر لە جل و بەرگ و داپۆشینی خۆیان لەمەڕ سەرما بکەنەوە و بە پێستی نێچیرەکانیان خۆیان گەرم کردۆتەوە، هاوکات لە ئاگر بۆ خۆ گەرم کردنەوە، بۆ ڕووناک کردنەوە و بۆ پارێزگاری لە خۆشیان کەڵکیان وەرگرتووە. هەموو ئەم شتانە فێربوونی نوێ بوون کە پێش هێنانیان بۆ ئەدەن نەیاندەزانین، ئێستا دەیانزانن. کەواتە لێرە مرۆڤ بۆ مانەوەی ژیانی خۆی بۆ یەکەم جار سیاسەت دێنێتە گۆڕ، واتە پشتی یەک دەگرن، ئەمە برووسکە سەرەتاییەکانی ڕوو لە ئاقڵ بوونی مرۆڤ بووە! بەڵام چۆن ئەقڵ هاتۆتە مێشکیانەوە باسی ئاڵ و گۆڕی ژێنەکانە کە لە درێژەدا باسی دەکەم. هەنگاوەکانی دیکەی مرۆڤ دواتر کە ئەقڵیان گەشەی کردووە و دەستیان بە ئەدەن نەگەیشتۆتەوە یا خۆ ئەو هێزانەی کە لە ئەدەن بوون، ئێستا ئیتر ڕۆیشتبوون و لەوێ نەمابوون، ئەمە بوو کە مرۆڤەکان لە دار و بەرد شێوەی ئەوانییان دا ئەتاشی و داوایان لێ دەکردن کە هەمدیسان پشتیوانییان لێ بکەنەوە، و ئەمە سەرچاوەی بووت پەرەستیی مرۆڤ بووە. ئالێرەدا پرسیار ئەمەیە کە ئەوانە کێ بوون کە لە ئەدەن بوون؟ وڵام: ئەوانە بۆ مرۆڤەکانی ئەوکات خوداکان یا فریشتەی ڕزگاریی، پارێزەرانی گیانیان و سیحەت و سەلامەتییان، دابینکەری خواردن بە ئاسانی، مامۆستای فێرکردنی دەنگەکان، مامۆستای ئاگادرکردنەوەیان لە مەترسییەکان و مامۆستای فێرکردنییان بۆ خۆ داپۆشین لە سەرما و گەرما و ناساندنی ئاگر و بە گشتیی هەم پارێزەرانیان و هەم مامۆستایانیشیان بوون، بەڵام ئەمڕۆ بۆ زانایان و لێکۆڵەوەران دەرکەوتووە کە ئەوانە بوونەوەری ئینتێلیگێنت یا ژیر و پێشکەوتووی گالاکسییەکان و ئەستێرەکانی دیکە بوون (بوونەوەری فەزایی کە دواتر چەندین بەڵگە و فاکتی موستەنەد لە بوونیان لە سەر زەوی دێنمەوە) کە چەندەها هەزار ساڵ پێشتر بە هۆی گەڕان بە دوا بوونەوەری ئینتێلیگێنتی دیکەی وەک خۆیان، هاتوونەتە سەر زەوی و لێرە لە زەوی تەنیا ئاژەڵیان بینیوە و بۆیە کاریان کردووە کە مرۆڤ پێک بێنن و زانستەکەیشیان زانییوە و ئاژەڵی نیاندێرتاڵیان هەڵبژاردووە و ژێنەکانیان گۆڕیوون یا کەم و زیادییان کردوون و ماوەیەک پاراستوویانن (لە باخی ئەدەن) و ئەوجار ڕۆیشتوون، دواتریش هەر سەردانییان کردووینەوە، وە بە وتەی زۆر کەس تەقویمی مایاکان کە سەرەتای دەستپێکردنی بە زایینی، ئاگووستی ٣١١٤ ی پێش زایین بووە و لە ٢١ی دێسامبری ٢٠١٢ کۆتایی دێت، هەر کاری ئەوان بووە، بۆیە مایاکان هەمیشە باوەڕیان بە گەڕانەوەی خوداکان (پلوراڵ) هەبووە و هەیە و نیگار و پەیکەرەکانیان کە خوداکانیان پیشان دەدەن، وەک ئاسترۆناوتەکانی خۆمان کە دەچن بۆ فەزا، کڵاو و چەکمەی درێژ و تەیبەت و ئەو شتانەیان هەیە. لە خۆوە نییە کە چەندین هەزار ساڵ پێش ئێستا بووت دروست کراوە کە کڵاوی بە سەرەوەیە، یا وەک داڵ دندووکی هەیە، یا شێرە و باڵی هەیە. (چوار نموونەی وێنەیی هەر لەگەڵ ئەم وتارە داندراوە) ئەمانە هەمووی ئیمکانی هەیە، بۆ ئێمەی مرۆڤ جارێ لە سەرەتای ئەو زانستەداین، هێشتا تەنیا کلۆن یا

کۆپی کردنی هەندێک بوونەوەر دەزانین، بەڵام ڕەنگە ئەو بوونەوەرانەی کە لە ئاژەڵ مرۆڤییان خووڵقاندووە، شێر و ئەسپی باڵداریشیان بە ئاڵ و گۆڕی ژێنەکانیان درووست کردبێت، بەڵام ئێستا ڕەگەزیبیان لەناو چووبێت، یا خۆیان وا بووبێتن واتە باڵدار بووبێتن. لە ڕووی تیئۆرییەوە ئەمڕۆکە ئەو شتانە موومکینن، بەڵام هێشتا بە کردەوە نەکراون، تەنیا چەند نمونە کلۆن تا ئێستا بە ئێمەی مرۆڤ ناسێندراون. ئەو زانستی گۆڕینی ئاژەڵ بۆ مرۆڤ، واتە ئاقڵ کردن و ئینتێلیگێنت پێک هێنان، ئێستا ئێمەی مرۆڤیش بیست – سی ساڵێکە هەمانە، بەڵام جارێ تەوا پێشکەوتوو نییە، هەموو ئەمانە دواتریش زیاتریان لەسەر باس دەکەم. بەڵام ئێستا با چەند چرکەیەک بیر لە وڵامی ئەم پرسیارانە بکەینەوە: یەکەم، چۆن بووە کە مرۆڤی ئەو سەردەمە باوەڕیان بە بووتەکان یا خوداکان پەیدا کردووە (بە شێوەی کۆمەڵە خوداکان، کە دواتر ئایین کردوویە بە یەک خودا)، یا چۆن بووە بەو قەناعەتە گەییون کە گووایە ئەو بووتانە هێزێکی خوداییین کە ئەیانپارێزن و یا چۆن بووە کە مرۆڤەکان ئەسڵەن بیریان لە خودا(کان) کردۆتەوە؟

بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارانە ئەوجار هەمدیسانەوە ئەبێت بڕۆینەوە کۆنتر و ئەفسانەی ئادەم و حەووا کە بڕێکیم لە سەرەوە باس کرد لێک بدەینەوە. بۆیە بوونی ئادەم و حەووا و هەروەها مانەوە لە باخی ئەدەن یا بەهەشتی ئەدەن، کە من ناوی دەنێم لابڕاتۆر، کەم تا زۆر ڕاست بووە و ئارخیۆلۆگەکان تەنانەت ئەو گۆڕەی کە حەووای تێدا بووە لە شاری جەدەی سعودی دۆزیویانەتەوە، لەوێ گۆڕێک بووە کە بە گۆڕی جەدە یا دایەگەورە ناسراوە و خەڵک زیارەتیان کردووە، بەڵام پاشای ئەوکاتی سعودی بە ناوی عەبدولعەزیز ئیبن سەعود، دەڵێت خەڵک ئەبێت تەنیا کەعبە زیارەت بکەن و نابێت هیچ شەریکێک بۆ کەعبە هەبێت، بۆیە گۆڕەکە خراپ دەکات و خانوو و بینای لەسەر ساز دەکات!
کەواتە وەک باسی کرا ئادەم و حەووا و ڕەنگە کەسانێکی زیاتریش، کۆمەڵە "ئاژەڵێکی" نیاندێرتاڵ بوونە کە، وەک مشکی ئازمایشگایی ئەم سەردەمە، وەک ئاژەڵ خراونەتە لابڕاتۆر (باخی ئەدەن) و بە ئاڵ و گۆڕ یا کەم کردن و پێ زیاد کردن لە ژێنەکانیان، ژیر یا ئاقڵ کراوون، دیارە ئەمە کاری یەک ڕۆژ و مانگ و ساڵ نەبووە، بەڵکوو کاری چەندین ساڵە بووە. هەر ئێستاکە زانستی ئەم سەردەمەی ئێمە ئەتوانێت گیاندار یا بوونەوەر کلۆن بکات، واتە کۆپیی بکات، تا ئێستا ئەوەی ئاشکرایە چەند ئاژەڵ کلۆن یا کۆپی کراون و شارەزایان باسی ئەوە دەکەن کە ڕەنگە بەو زووانە ئاڵ و گۆڕێکی وەها لە ژێنی هێندێک ئاژەڵ وەک سەگ بۆ نمونە پێک بێنن کە توانای قسە کردن پەیدا بکات، هەر ئەوەی کە دەیان هەزار ساڵ پێشتر لە سەر ئاژەڵی نیاندێرتاڵ کراوە و ئاکامەکەی ئادەمەکان و حەوواکان و پاشانیش ئێمەی مرۆڤ بووین. کەواتە ئەو ئەفسانەی ئادەم و حەووا بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕاست بووە بەڵام چۆنیەتی گێڕانەوەیان لە تویی هەزاران ساڵ، هەم بە هۆی جاهێل بوون و نەزانینی ئەو سەردەمی مرۆڤ و هەمیش بە هۆی هەلپەرەستی کەسانێکەوە بە قازانجی خۆیان گۆڕییویانە و هەتا هاتووە زیاتر گۆڕاوە. ئەوەی ئێمە ئەمڕۆکە ئەیانبیستین، چیرۆکە ئایینیەکانن کە لە گەڵ ئەوەشدا کە کەم و زۆر وەکو یەک دەیگێڕنەوە، بەڵام سەرەتاکەی بۆ قازانجی خۆیان و ڕازی کردنی مرۆڤی سەردەمی خۆیان کراون بە خووڕافە و شتی ناڕاست! لە ئینجیلدا هاتووە کە: "لە باخی ئەدەن مەرگ بۆ ئادەم و حەووا بوونی نەبوو، ئەوان نەمر بوون، ئەوان ژیانێکی فیزیکاڵیان هەبوو، بۆ ئەوەی کە ڕۆحی ئەوان لە نێو جەستەیەکی فیزیکاڵیدا بوو، جەستەیەک کە لە گڵی زەوی دروست کرابوو". (موسا ٦:٥٩ )
سێ شت لەم ئایەی ئینجیلدا جێگای تێڕامانە، پەیدا بوونی ڕۆح، نەمر بوون لە ئەدەن و پەیدا بوون لە گڵ. ڕۆح گەورەترین ڕۆڵی لە درووست بوونی ئاییندا هەبووە و هەیە، هەر کەس باوەڕ بە نەبوونی ڕۆح پەیدا بکات ئیتر هەموو ئایینێک ڕەت دەکاتەوە. بەڵام نەمر بوون ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان لە لابڕاتۆری ئەدەن پارێزراون و کەس دەستی پێیان نەگەییوە کە بیانکووژێت، بۆیە نەمر بوونە و تەمەنیان درێژتر بووە، بۆ ئەوەی ئەمان کاریان لە سەر کراوە کە بە ئاڵ و گۆڕ لە ژێنەکانیان لە ئاژەڵی وەحشییەوە بکرێنە مرۆڤێک کە توانای بیر کردنەوە، ئەزموون کردن، ناسینی چاکە و خراپە،

هەست و سۆز و ترسیان هەبێت و خەتەر و عادی لە یەک جیا بکەنەوە. بۆیە لە تەورات و ئینجیل و قورئانیشدا هاتووە کە پێیان وتراوە کە لە میوەی فلانە دار نەخۆن، لای ئەو دارە مارێکی ترسناکیشی لێیە، نەچن بە لایدا ئەوە خراپە، ئەوە خەتەرە. وەک ئەوەی ئێمە بە منداڵێکی ساوا ئەڵێین ئەوە ئاگرە داخە، بقەیە دەستی لێ مەدە و منداڵەکە لە مەترسی دەست سووتان ئاگادار ئەکەینەوە، کە ئەو کاتیش مرۆڤە تازە مرۆڤ کراوەکان جاهیل بوونە و هەر بە قەدەر منداڵێکی ساوای ئێستا شتیان زانیوە و دەبوو لە مەترسی ئاگادار بکرێنەوە. کە دیارە ئایین ئەم بەشەی کردووە بە ئەوەی کە شەیتان هاتووە و وەسوەسەی کردوون و ئەوان میوەی ئەو دارەیان خواردووە. کە ئەمەی ئایین دواتر باسی کردووە حاڵەتی جادوویی و جەزابییەتی پێ دراوە، بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو سەردەمەی بۆلای ڕاکێشن و درووست بوونی ئادەم لە گڵیان پێ زیاد کردووە، چوونکو ئەو کات نە ئیبراهیم و نە مووسا و نە زانایانی پێشتر لەوانیش، کە خۆیانیش نەوە و نەتیجەی ئادەم و حەووا یا ئادەم و حەوواکان بوون، ئەقڵییان بە زانست نەگەیشتووە. جا بۆ دوور بڕۆین، ئێستا خۆشمان هەمووی سەد تا سێسەد ساڵێکە زانست ئەناسین و هەمووی سی چل ساڵێک ئەبێت کە ژێن دەناسین، چ بگات بە پێنج- شەش هەزار ساڵ پێش ئێستا و یا دەیان هەزار ساڵ پێشتر! ئەوەندەی ئاشکرایە ئەمەیە کە مرۆڤ تا ئێستاش بە تەواوی نەیتوانیوە کار لە سەر ژێن بکات، بەڵام دیارە زۆر شت بە نهێنی دەکرێت کە زانیاریەکانی هاوکات درز ناکەنە دەرەوە، بەڵکوو هەمیشە زۆر دواتر خەڵک پێیان دەزانن. ڕەنگە ئێستا دەوڵەتەکان دەیان هەزار سەربازییان کلۆن یا کۆپی کردبێت، کە خاوەنی هیچ سۆز و ئەڤینێک نەبن و وەک ماشینی شەڕکەر و ڕۆبۆت ئامادە کرابن بۆ شەڕەکانی داهاتوویان هەر وەک ئەوانەی لە فیلمە بە زاهیر خەیاڵییەکاندا ئەیانبینین. دیارە ئەمانە تەنیا گریمانە و خەیاڵن، ڕەنگە وا بن و ڕەنگە واش نەبن! ڕۆژێک لە ڕۆژان فایلە شاراوەکان ئاشکرا دەبن، هەر وەک ئێستا ویکیلیکس فایلە دیپلۆماسی و سیاسییەکانی دەوڵەتی ئەمریکای دەست کەوتووە و بڵاوی کردوونەوە، ڕەنگە کەسانێکی دیکەش باسی بوونەوەرە فەزاییەکان و سەفینەکانیان کە هەر ئێستا هەن و لەبەر دەستدان، بەڵام باسییان ناکرێت و هەروەها ڕاستی و درووستی ئایین و گەشەی زانستی سلول و ژێن و دەستکاری کردنییان و کلۆن کردنی مرۆڤ و ئینتێلیگێنت کردنی سەگ و هتد و زۆری دیکەیان دەست کەوێت و لە پڕ بڵاویان بکەنەوە، کە ئەگەر شتی وا ڕووبدات، پشتی ئایین ئیتر بۆ چەندەمین جار و بۆ هەمیشە بە تەواوی ئەشکێت و جیهان تووشی ئاڵۆزییەکی بێ وێنە ئەبێت. ئاخر ئەوجار سێ تا چوار ملیارد مرۆڤی ئایینی بە تێکڕا داوای وڵام دەکەن کە بۆچی تا ئێستا درۆیان لەگەڵ کراوە، ڕەنگە بە ملیۆن کەسی ئایینی تووشی پووچی و پووچگەرایی ببن و خۆیان بکووژن...!

## مێژوویەکی کورتی ئایینە ئیبراهیمییەکان

دیارە ئایینەکانی ئەمڕۆ ئەوەندەی لە بەر دەستدان لە ئیبراهیمەوە دەست پێ دەکەن، ئەگەر چی لە قورئاندا باسی ژمارەی سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر یا نێردراوی خودا دەکرێت و چیرۆک و بەسەرهاتەکانی کەشتی نووح، یۆنس و ماسی، ئەیووب و سەبر، یوسف و ئاوەدانی و داوود و قۆچەقانی و هتد دەکرێت بەڵام ئەمانە تەنیا گێڕانەوەن و تەنانەت لە بارەی ئیبراهیمیش فاکت و سەنەدێکی نووسراوە لەبەر دەستدا نیە، تەنیا گێڕانەوەیانە لە کتێبە نوێترەکاندا. بە پێی گێڕانەوەکانی ئینجیل و قورئان و تەوراتی نوێ و دواتر دەستکاری کراو، ئیبراهیم یەکەمین مرۆڤ یا یەکەمین نوێنەری خودا بووە کە بووتی شکاندووە و بە خەڵکی وتووە خودایەک هەیە لە ئاسمان و ئەو بپەرەستن.
بە پێی زانیاری ئەمڕۆ بەڵام ئیبراهیم چووە پەیکەری خوداکانی ئەدەنی شکاندووە، و وتوویە ئەمانە هیچ نین، دار و بەردی بێگیانن، ڕوو بکەنە ئاسمان و ڕاستەوخۆ خۆیان بپەرەستن. پسپۆڕان باسی ئەوە دەکەن کە لە تەوراتی کۆندا کە شاردراوەتەوە و پیشان خەڵک نادرێت، وشەی خودا بە کۆمەڵ یا پلوراڵ هاتووە کە پێی دەڵێت "ئێلۆهیم" واتە خووداکان. کەواتە بە پێی تەوراتی کۆن مرۆڤەکان پێش هاتنی

موسا خووداکانیان (بە کۆمەڵ یا پلوراڵ) دەپەرەست و وەک باسی کرا زۆر کەس خوداکانیان لە دار و بەرد درووست دەکرد و دایان دەتاشین و سووجدەیان بۆ دەبردن و تەنانەت خوێنیان پێ دەبەخشین یا خوێنیان پێ ئیهدا ئەکردن. بە پێی تەوراتی کۆن موساش هەر وەک ئیبراهیم چۆتە ناو خەڵک و وتوویەتی: "من نوێنەری خوداکانی ئاسمانم (واتە نوێنەری فەزاییەکان کە بە سەفینە هاتبوون و ئێستا ڕۆیشتوونەتەوە)، منیان ناردووە پێتان بڵێم کە ڕاستەوخۆ خۆیان بپەرستن و داوای یارمەتییان لێ بکەن، چوونکە ئەم بووتانەی ئێوە سووجدەیان بۆ ئەبەن دار و بەردێکی بێ گیانن (ڕاستیشی کردووە) کە نە قسە دەکەن و نە هیچ هێزێکیان هەیە، کەواتە ئەمانە ناتوانن جێگای ئەوان بگرنەوە. بەڵام دواتر بە پێی تەوراتی نوێ، کە بە مەبەستەوە و لە لایەن دەسەڵاتی وەختەوە (پاشماوە فێرعەونەکان) دەستکاری کراوە، موسا بە خەڵکەکەی وتووە "ئێمە هەموومان تەنیا یەک خوودامان هەیە کە هەموومانی درووست کردووە و لە ئاسمان ئەژی." کەواتە ئەو تەوراتەی ئێستا هەیە و سێ بەشە، نووسراوەتەوە و هەر ئەو تەوراتە نییە کە سەرەتا بووە. تەوراتی نوێ ٣٧٠٠ ساڵ کتێبی ئایینی "ئاسمانی" و جوولەکەی نوێش تاقە ئایینی "ئاسمانی" بووە. دیارە کتێبگەل و ئایینگەلی دیکەش بوون، وەک تائۆئیزم و بوودیزم و وەک ئایینی زەردەشت و کتێبی ئاڤێستای خۆمان کە ئەمانە سەر ئەرزی بوون و ئاسمانی و ئیبراهیمی نەبوون، هەر بۆیەشە بە مەبەست و بە هۆی ئاکاری سیاسییەوە هەم تائۆ و بوودا و هەم زەردەشت و کتێبەکەی ئاڤێستا لە بیر خەڵک برانەوە و ڕێگا بە پەرە گرتنیان نەدرا، ئایینی زەردەشت تا کاتی هێرشی ئیسلام لە زۆر ناوچە و لەوانە کوردستان و ئێران و بەشێکی هێند و پاکستان و ئەفغانستان و ڕۆژئاوای چین پەیڕەوی دەکرا، بەڵام عەرەب کە هێرشی هێنا، تا توانی زەردەشت و ئاڤێستای تواندەوە، بۆ ئەوەی لەو مەبەستە سیاسییانەی کە لە پشت تەوراتی نوێ و ئینجیل و قورئاندا هەبوون، پشتگیریان نەدەکرد و بۆ فریوی خەڵک نەبوون، بەڵکوو بۆ نیشاندانی کار و کرداری چاک و قسەی باش و هزری باش و ڕێگای باش داندرابوون. بەڵام سیاسەت و دەسەڵات ئەمانەی نەدەویست، بەڵکو سەرقاڵکردنی خەڵکیان دەویست بە شتگەلی ئەزەلی و خەیاڵی و بێ وڵام و درۆیین!

کەواتە تا ئێرە، مادام لە تەوراتی کۆندا ناوی خودا بە پلوراڵ هاتووە، ئەبێت مەبەستی موسا و ئیبراهیمیش لە خوداکان، هەر ئەوانە بووبێت کە لە ئەدەن ئاژەڵی نیاندێرتاڵیان کردووە بە مرۆڤ، بەڵام ئەبێت وتبێتیان خوداکان گەڕاونەتەوە بۆ ئاسمان (بە سەفینەکانیان) واز لە بووت یا پەیکەرە بێگیانەکانیان بێنن و ڕاستەوخۆ خۆیان لە ئاسمان بپەرەستن و داوای یارمەتییان لێ بکەن. ئەشێ دواتر کە تەوراتی نوێ نووسراوەتەوە، بۆ مەبەستی تایبەت بە دەسەڵاتی ئەوکاتی فیرعەونەکان دەستکاری کرابێت!

لێرەش دوو شت هەیە: یەکەم بۆچی، بە پێی ئەو جەهالەتەی کە ئەو سەردەمە بووە، ئیبراهیم پێی وابووە کە خودا(کان) لە ئاسمانن و لە زەوی نیین و دەگەڕێنەوە و ئەم فکرەیە ئەگەر لە هاتووچۆی فەزاییەکانەوە نەبێت لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ دووهەم بۆچی ئەبێت داوای یارمەتی لە خوداکان بکرێت و بپەرەسترێن؟ بۆ ئەوەی خەڵک ئاواتی خواستووە دەورانی ئەدەن دووپات بێتەوە، دیارە لابراتۆر یا باخی ئەدەن و ژیان لەگەڵ بوونەوەرە فەزاییەکان و شت لێ فێربوون لەوان ئەزموونێکی خۆش بووە کە هەر دەم ویستوویانە دووپات بێتەوە و خووداکان بگەڕێنەوە.

بە پێی تەوراتی نوێ کە سێ بەشە مووسا ٥٧٠٠ ساڵ پێش ئێستا پەیدا دەبێت و دەڵێت یەک خودا هەیە و لە ئاسمانە و بەهەشت و دۆزەخی هەیە و ئەبێت هەموو سووجدەی بۆ بەرن و بۆ ئەم مەبەستەش تەورات وەک دەستوور یا ئەساسنامەی نوێی ئەو سەردەمە بە خەڵک ئەناسێنێت و ئەڵێت کە ئەمە یاسایە و ئاسمانییە و هی خودایە و ئەبێت هەمووان بێ ئەملا و لا پەیڕەوی بکەن، ئەگینا هەم دەسەڵات لە ژیانی ئێستادا (فیرعەون) و هەمیش خودا لە ژیانی پاش مەرگی پاشەڕۆژدا جەزایان دەدەن. تەوراتی نوێ ئەکرێتە کتێبی مووقەدەس و کتێبە پیشووەکان وەلا ئەنرێن و هەوادارانی کتێبە پێشووەکان یا ئەبێت دەستووری نوێ قەبووڵ بکەن یا ئەوەی کە لە لایەن دەسەڵات و خەڵکانی سەر بە

تەوڕاتی نوێ ئەکووژرێن. تەقریبەن ٣٧٠٠ ساڵ دوای مووسا، عیسا بە ئایینی نوێ و کتێبی نوێوە بەڵام لە سەر هەمان وتەکانی تەوڕاتی نوێ، قووت دەکرێتەوە، بۆ ئەویش هەمان بیر و بۆچوونەکانی تەوڕاتە نوێکە و کۆمەڵێک زانیاری نوێ و سەردەمیانەی ئەوکات تێکهەڵکێش دەکەن و ئەوجار ئینجیل یا "بیبل" ئەکرێتە دەستووری نوێ، هەر وەک کاتی خۆی کە فیرعەونەکان وتیان یا تەوڕاتی نوێ یا بە پێشوازی مردنەوە بچن، هەوادارانی ئینجیلیش ویستیان ئەوە بکەن و کردیشیان، بەڵام هەوادارانی تەوڕاتی نوێ لە تویێی ٣٧٠٠ ساڵدا بە هەموو جیهانا بڵاو بووبونەوە و زۆربەیان واز لە بیر و باوەڕی خۆیان ناهێنن، بۆ ئەوەی حەشیمەتیشیان زۆر بووە و پاشان لە ترسی گیانی خۆیان بڵاوە دەکەن و پەنایان بۆ هەموو کوێ بردووە، بۆیە ناتوانرێت قڕییان تێ بخرێت و کۆتاییان پێ نایات، بۆیە ئاییینی بەنی ئیسڕائیلی نوێ ناتوێتەوە و ئێستا سێهەمین ئاییینی "ئاسمانییە" لە جیهان. تەنیا ٦٠٠ ساڵ پاش عیسا، لە ناو عەڕەباندا موحەمەد قوڕەیشی قووت ئەکرێتەوە و ئەمیش کە باوەڕی بە یەکتا پەرەستیی بووە و لە بووت بێزار، لە بووتپەرەستەکان یاخیی دەبێت و ئەویش دیارە بە یارمەتی کەسانی شارەزا لە ئاییینە پێشووترەکان، بە هەمان شێوە شتە کۆنەکان لە گەڵ سەردەمی خۆی تێکەڵ دەکات و دەستووری نوێ بە ناوی قورئان دێنێتە گۆڕ و زیرەکی مووحەمەد لەوەدا بووە کە ئەو خۆی بە ئاخرین نێردراوی خوودا دەناسێنێت و ئەڵێت پاش ئەو ئیتر خودا کەس وەک پێغەمبەر نانێرێتە سەر عەرز. ئەمە ئەو قازانجەشی بۆ مرۆڤایەتی هەبووە کە ئیتر لە ١٤٠٠ ساڵی ڕابردوودا کەس نەیوێراوە خۆی بە پێغەمبەر یا نێردراوی نوێی خودا بناسێنێت و ئەگەریش شتیی وا بووبێت خەڵک باوەڕیان پێی نەکردووە و دەسەڵاتەکانیش پشتیوانییان لێی نەکردووە، بۆ ئەوەی کە قورئان وتوویە ئیتر نێردراوی دیکە نایاتە سەر زەوی، بۆ ئەوەی تەناقووسی گەورەی ئاییینی ڕوونەدات. ئەگینا ڕەنگە ئەگەر وای نەووتایە تا ئێستا لە هەزار و چوارسەد ساڵی ڕابردوودا سێ – چوار ئاییینی دیکە قووت دەبوونەوە و مرۆڤ لە سەر ئایین تا ئێستا یەکترینیان تواندبووەوە.

کەواتە کاتێک ئێمە خوێندنەوەی ئەو سێ ئاییینە گەورە کراوەیەی ئەمرۆ دەکەین، هەر سێکیان کەم تا زۆر کۆمەڵێک پەیام و یاسا و دەستووری یەکسانیان پێیە. هەر سێکیان خودای یەکتایان قەبووڵە و بووتەکان و خوداکان ڕەت دەکەنەوە، لە هەر سێکیاندا قسەی باش زۆر دەکەن و کرداری باش کەمە یا نییە، بە قسە قەتڵ خراپە، تەعەدا خراپە، دزی خراپە، درۆ خراپە، بەڵام بە کردەوە هەموویان دەکەن و حوکمی جیهاد سادر دەکەن، لە ئیسلامدا تەنانەت دزی "لە کافر" حەڵاڵە، ئەنفال واتە جێنوساید حەڵاڵە، تەعەدای سەر ژنانی "کافران" حەڵاڵە و درۆ "تەقییە" حەڵاڵە و هتد، واتە قسەی چاکە دەکەن بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆلای خۆیان، بەڵام لە کردەوەدا پێچەوانەن. لە هەر سێکیاندا ژن لاواز و نیوەی پیاو و مڵکی پیاوە، بۆ ئەوەی ژن لە پەراسووی پیاو درووست بووە و چوونکە حەووا ئادەمی هەڵخەڵەتاندووە کە سێوی داری مەمنووعە بخوات و ئادەم فریوی شەیتان بخوات. لە هەر سێکیاندا پەنا بۆ خوورافات براوە و بۆ باوەڕ بە خوورافەکانیش پەنایان بۆ بڵاو کردنەوەی ترسی ئاگری جەهەندەم و پەیڕەوی کوێرکوێرانە هێناوە، هەر سێیان هەڵەیان زۆر تێدایە و ٢٥ی دێسامبر لە هەر سێیاندا ڕۆژی مووقەدەسن، هەر سێکیان مزگێنی گەڕانەوەی نوێنەرەکانیان بۆ سەر زەوی دەدەن و هەر سێکیان ئەفسانەی ئادەم و حەووا و شەیتان بە یەک شێوە بە ڕاست دەزانن و چیرۆکەکەی کەم و زۆر وەک یەک دەگێڕنەوە کە خوودا ئادەمی لە قووڕ خووڵقاندووە و حەواش لە پەراسووی ئادەمەوە هێنراوەتە دەر. جیاوازی بچکۆلە لە ئاییینی ئێڤانگلیک (مەسیحی) و ئیسلامدا لەمەڕ گووناهی دەرکرانیان لە بەهەشت یا ئەدەن هەیە، ئەویش ئەمەیە کە ئیسلام ئەڵێت ئادەم و حەوا هەر دوویان پێکەوە کڵاوی شەیتانیان سەرچووە و سێوی دارە مەمنووعەکەیان خواردووە و بوونە هۆی دەرکرانیان، بەڵام مەسیحیەکان دەڵێن سەرەتا حەووا سێوەکەی خواردووە و ئادەمیشی ناچار کردووە سێوێک بخوات!

## ئایا بوونەوەری فەزایی بوونیان هەیە؟

وەک پێشتریش جەختێکی کورتم کردۆتە سەری، لە ڕووی زۆر فاکتی شاراوە و سیکرێت، باسی ئەوە هەیە کە بوونەوەرە ئاسمانی و فەزائییەکان لە توێی هەزاران ساڵی ڕابردوودا هاتووچۆی زەوییان کردووە و ئێستاش دەیکەن، سەنەدی زۆر لە بەر دەستدان کە سەفینەکانیان خراونەتە خوار یا دیتراون و تەنانەت فیلمییان لێ هەڵگیراوە. بەڵگەی کۆن تەنانەت لە کتێبە زۆر کۆنە ئایینییەکاندا هەن کە باسی بوونی ئەوان دەکەن. بۆ نموونە لە تەوراتی کۆن نووسراوە، "حەووا گارییەکی نووری دیی کە داڵە پڕ لە زرق و برقەکان بەرەو ئاسمان هەڵییان دەکێشا" و یا هەر لە تەوراتی کۆندا هاتووە کە "حەزرەتی هێسکیڵ (پێغەمبەرێکی کۆنی جووەکان) کاتێک باسی گەورەیی خوداکانی کردووە، باسی ئامێرێکی خودایی کردووە کە تەگەری هەبووە و چاوی نوورانی (لامپ) هەبووە و باڵدار بووە" و یا هەر لەوێ باسکراوە کە ئیبراهیم لە ناو کەشتییەکی ئاسمانیدا بە سەر زەوییا گەڕاوە و هەر لەو سەرچاوە باسی "ڕۆیشتنی سلیمان بۆ هیند و ئێران و گەڕانەوەی بۆ یەمەن و سعوودی لە ڕێگای ئامێری ئاسمانییەوە کراوە" کە ئایین پێی دەڵێت فەرشی سلیمان. چیرۆکی سلیمان خۆی دور و درێژە، بەس ئەوەندە بڵێم کە سلیمان هاوکات هەم لە یەمەن (باشوری سعودی) لە تونێلی باینوون و هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران) تەختی سلیمان و هەمیش لە هێند ژیاوە و دەگێڕنەوە کە بەیانی لە یەمەن بووە و شەو لە تەختی سلیمان، لە خوار نەغەدەی کوردستان، و دواڕۆژ لە هێند بووە. ئەم هاتووچووە خێرایانە بە فەرش ناکرێت و لە سەرماش ڕەق هەڵدەگەڕێت، ئەی سووتەمەنی ماتۆڕەکەی لە کوێ داناوە؟! کەواتە ئەو کات ئامێرێکی پێشکەوتووی لە بەر دەستدا بووە، چۆن دەستی کەوتووە و کێ داویەتییە، خۆ مەعلووم و دیارە، فەزاییەکان، کە هەر جارێک هاتوون و نەزمێکی نوێیان بە مرۆڤ داوە. (تەختی سلیمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و شوێنێکی زۆر گرنگە، پێویستە بپارێزرێت، لە گووگڵ ئێرس هەیە).

دەوڵەتەکان بە تایبەت دەوڵەتی ئەمریکا و ئایینەکان بەتایبەت ڤاتیکان، هەروەها ئیسرائیل وەک دەوڵەتی سەهیۆنیست یا جوولەکە و ڕێکخراوی فەزایی ناسا و بە دڵنیاییەوە ناوەندە گرنگ و سەرەکییە ئیسلامییەکان و  هتد ئاگاداری ئەم هات و چووانەن، بەڵام لە مرۆڤایەتی دەشارنەوە، فاکت و بەڵگەی دیکەش زۆرن کە دواتر دەچمە سەریان. لێرەوە دەر کەوتووە کە خوداکان کە مرۆڤە سەرەتاییەکان بووتیان لێ داتاشیون، کەس نەبوون بێجگە لە بوونەوەرە فەزائییەکان، بۆیە یەک و دووانیش نەبوون بەڵکوو کۆمەڵێک خودا بوونە. ئەوان وەک وترا زۆر لە بوونەوەرەکانی سەر ئەم زەوییەی ئێمە پێشکەوتووتر بوونە و ئێستاش هەر هەن، هاتوون مرۆڤیان لە ئاژەڵ خووڵقاندووە. کەواتە کاتێک ئەوان هاتوون، ئاژەڵ بە میلیۆن ساڵ لە سەر زەوی بوونی هەبووە، کەواتە ئەوان بوونەوەر یا زیندەوەریان لە سەر زەوی نەخووڵقاندووە، بۆیە حیکایەتی پەیدا بوونی زیندەوەر جیاوازە، کە ئەگەڕێتەوە بۆ باسی چۆنیەتی پەیدا بوونی ئامیبەکان و سلولەکان بە گشتی. کەواتە بوونەوەرە ئینتێلیگێنتەکان کە هاتوونە سەر زەوی پێویستیان بە پەیوەندی و ئێرتیبات یا کۆمونیکاسیۆن لەگەڵ زەوی بووە، بەڵام بوونەوەری ژیر یا ئینتێلیگێنتیان لە زەوی نەدیوەتەوە و خۆیشیان بە هۆی نالەبار بوونی جەوی زەوی کە بە ئەوانی نەخواردووە، نەیانتوانیوە لە زەوی بۆ هەمیشە بمێننەوە و ببنە خاوەنی زەوی، بۆیە هەر بە شێوەی کاتیی و بۆ کورت ماوە توانیویانە بمێننەوە، وەک چۆن ئێمە لە مانگ و لە فەزا پێویستمان بە جلو بەرگی فەزایی تایبەت و ئۆکسیژن هەیە و بە شێوەی کاتیی لەوێ ئەتوانین بمێنینەوە، بۆ ئەوانیش زەوی شوێنی مانەوەی هەتاهەتاییان نەبووە. ئێستاش هاتووچۆ دەکەن، بەڵام نامێننەوە و لەوەش بگەڕێین کە ئێستا لە مرۆڤ دەترسن کە بۆتە خاوەنی تێکنۆلۆژیای بە هێزی شەڕ، چوونکە لە ڕادارەکان ئەیانبیننەوە و تەقەیان لێ دەکەن و دەیان خەنە خوار، بۆیە خۆیان نیشان نادەن!

چاو پێداخشاندنەوەیەکی زۆر کورت و خێرا: فەزاییە میوانەکانی زەوی، ناچار بوون کە جۆرێک لە ئاژەڵیی وەحشی زەوی بە پێی ئەو زانستیی کۆپی کردنی ژێن (Gen Kopie)و دێ ئێن ئێس (DNS)، کە چەند ساڵێکە ئێمەی مرۆڤیش دەیکەین، ئەوان ئەوکات ئەم زانستەیان ناسیوە و ئاڵ و گۆڕیان لە ژێنی

جۆرێک ئاژەڵی زەویدا بە ناوی نیاندێرتاڵ پێک هێناوە و پاراستوویانن بۆ ئەوەی ئاژەڵی دیکە نەیانخۆن. ئەم مرۆڤە سەرەتاییانە کە لە ئاژەڵەوە بە هۆی بوونەوەرە ئنتێلیگێنتە فەزائییەکانەوە خووڵقاون، خراونەتە ژێر چاودێری و پاراستن تا ماوەیەکی زۆر و شوێنی پاراستنەکەیشیان باخێک بووە کە ئەمڕۆ پێی ئەڵێن ئەدەن یا عەدەن، فەزائییەکان جار و بار بۆ سەرپەرشتی خووڵقاندنەکەیان گەڕاونەتەوە سەر زەوی و تەنانەت تەقویمیشیان بە مرۆڤ داوە کە کەی و چۆن هەمدیسان سەردان دەکەنەوە، بۆیە تەقویمی مایاکان هەم باسی گەڕانەوەی خووداکان بۆ زەوی دەکات و فاکتیش ئەمەیە کە پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا مایاکان نەیانتوانیوە تەقویمێکی ئاوا گرنگ بنووسن، ڕەنگە ئێستاشی لەگەڵ بێت نەزانن شتی وا بنووسن، دیارە ئەو تەقویمە فەزائییەکان نووسیویانە و تەحویل ئەوانیان داوە و پێشیان وتوون کە هەمدیسان ئەگەڕێینەوە. دیارە گەڕانەوە و هاتووچۆ هەر وا ئاسان نییە و پێویستییان بە سوورعەتی نوور و دەیان و سەدان ساڵی نووری هەیە، بۆیە ئەگەر ساڵی ٣١١٤ی پێش زایین وتبێتییان لە کۆتایی تەقویمەکەدا ئەگەڕێینەوە، ئەوان حیسابی هاتووچۆی خۆیانیان کردووە. پاشتر کە فەزائییەکان ڕۆیشتوون، مرۆڤ کە ژیرتر بوونەتەوە لە ئاژەڵەکانیترو خاوەنی بیرەوەری و ئەزموون بوون و مەغزییان شتیان پاشەکەوت کردووە و چوون نەیانزانیوە ئەوانەی لە ئاسمانەوە هاتوونە خوار کێ و چی بوون، ناوی خوداکانیان لێ ناون کە ئەیانپارێزن، بۆیە لە بەرد شێوەیانیان داتاشیون، باڵییان بۆ درووست کردوون، چەکمەیان لە پێدایە و کڵاویان بە سەرەوەیە، کە ئەوان لە ئاسمانەوە دێنە خوار و ئەم مرۆڤە سەرەتاییانە ئەپارێزن، بۆیە یەک خوداش نەبوونە و چەندین خوودا بوونە.

www.3n1m.blogspot.com







*Eine Kollektion von Zwitterwesen, aufgenommen im Türkischen Museum, Ankara – Ausgeburten der Phantasie oder einstige Realität?*

وەرگێڕان: وێنەی کۆمەڵێک بوونەوەری نێر و مێی سەیر و سەمەر و کۆن کە لە مووزەی ئانکارای تورکیە گیراون، ئەمانە لە ڕووی فانتازییەوە درووست کراون یا خۆ لە ڕووی ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر؟

ئەم وێنانە لە کتێبی "ئێمە هەموومان منداڵانی خوداکانین" لە نووسینی ئێریک فۆن دێنیکن لاپەڕەی 207 وەرگیراوە



207

## سەرنجەکان چی دەڵێن؟

کە ئەمڕۆژانە سەیری ڕووداوەکانی جیهان و دەورو بەرمان ئەکەین، هەست بە چی دەکەین؟ سەرلێشێواوی لە هەمیشە زیاترە. قەیرانە ئابووریەکانی جیهان، هەر لە قەیرانی دارایی و دراوەوە

www.3n1m.blogspot.com

بگره هەتا قەیرانی قەرز کە پێش ئەم وتارە لە سەری نووسیومە. گەڕانەوەی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتری یاسا ڕەگەز پەرەستییەکان بۆ وڵاتانی ئوروپایی بە ناو پارێزەری مافی مرۆڤ، هەڕەشەی دژە تێرۆر و بە تێرۆریست ناساندنی هەموو ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئێستا ڕاست بن یا ناڕاست کارمان نیە، بەرگری لە بیر و باوەڕی خۆیان دەکەن. هێرشە نیزامی و سیاسی و تەحریمییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ سەر وڵاتان یا دەوڵەتانی پێداگر لە سەربەخۆیی سیاسییان، کە بە ناوی دێمۆکراتیزە کردن زەختییان بۆ دێنن. (لێرە مەبەستم پارێزگاری لە هیچ نیزامێکی تۆتاڵیتێر نییە!) وە بە گشتی ترسی ڕوو لە زیادبوونی سەرهەڵدانی شەڕی سێهەمی جیهانی و گەرم بوونی زەوی و بڵاو بوونەوەی نەخۆشینە ئێپیدێمییە جیهانیەکان هەر ساڵەی یەک دانە و کارەساتە چاوەڕوان نەکراوە سرووشتیەکان، بە شەرتێک کە تکنیکی ئەمڕۆ ئەتوانێت بە سانایی پێش بینییان بکاتن و بڵاو بوونەوەی ترس لە داهاتوو و درز کردنی هەندێک زانیاری شاراوە و زۆر ڕووداو و گریمانەی دیکە ڕووخساری جیهانی ئەمڕۆی ئاڵۆز و شێواندووە. ئەمانە هەموو لە لایەک و شاردنەوەی کۆمەڵێک بابەتی فاکتدار لە مرۆڤەکان، چ لە لایەن ئایینەکانەوە، وەک ڕاستییەکانی تەوراتی کۆن و یا نەخێر با دوور نەڕۆین وەک ڕووداوی گووندی فاتیمە لە وڵاتی پورتوگال کە ڤاتیکان بە شێوەیەکی دیکە و بە قازانجی خۆی ئەیگێڕێتەوە (کە دواتر باسی دەکەم) و چ شاردنەوەیان لە لایەن دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانەوە، مرۆڤایەتییان هێندەیتر لە شک و گوومانەکاندا هێشتۆتەوە. جیهان بەرەو کوێ ئەڕوات؟ ئایا ئەو تێئۆری و تەوەهوومانەی تەوتەئە کە زۆریان فاکتیان لە سەرە ڕاستن؟ ئەی بۆ هیچ ڕوونکردنەوەیەک لە هیچ کوێوە بە ڕاست و ناڕاست نادرێت و ئەی بۆ دەشاردرێنەوە؟

بێجگە لەمانە ئەگەر سەیرێکی فیلمە کارتۆنییە مناڵانەکانی ئەم ساڵانەی دوایی بکەین، کۆمەڵێکیان کە مناڵانیش حەزیان لێ دەکەن، باسی هاتنی بوونەوەری فەزاییە بۆ زەوی کە هێرش دێنن و منداڵانیش لە دژیان ڕادەوەستن و زەوی ڕزگار دەکەن. ئەگەر بوونی بوونەوەری فەزایی "لە زەوی" ڕاست نییە، ئەی منداڵان بۆ بەم کارتۆنانەوە سەرقاڵ دەکەن و ئەی زێهنی منداڵان بۆ بەو لایەدا ڕادەکێشن؟ ئەمانە بێجگە لە فیلمە گەورە ساڵانەکانی هۆلیوود و فیلمەکانی کارەساتەکان و لە ناو چوونی زەوی و هیدیکە! ئێستا کە من چەند ڕۆژێکە سەرقاڵی نووسینی ئەم وتارەم، لە بەرنامەی هەواڵنێری "یۆرۆ نیوزەوە" لە بەشی سپەیس یا فەزا، بابەت یا ڕێپۆرتاژێکی دۆکوومێنتاری ڕۆژانە چەند جار لێدەدرێتەوە کە باسی بوونەوەرە فەزاییەکان لە دەرەوەی زەوی و لە ئەستێرەکانی دیکە دەکات و لە کۆتایی ڕێپۆرتاژەکەدا ئەڵێت، ئێمەی مرۆڤ تا دە پانزدە ساڵی دیکە ئەو توانایییەمان ئەبێت کە "سەردانی" بوونەوەرانی دیکە لە هەسارەکانی فەزا بکەین. کەواتە دیان بەوەدا ئەنرێت کە بوونەوەری دیکە لە فەزا هەن، بەڵام بۆ دیان بەوەدا نانرێت کە ئەوان زۆر پێشتر هاتوون و سەردانی ئێمەیان کردووە و هەر ئێستاش هاتووچۆ دەکەن؟ ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەر لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە مرۆڤ سەفینەی فەزایی یا "بشقاب پرندە"ی دەست کەوتووە و پاش ئەویش بە دەیان جار شتی وا بینراوە و تەنانەت فیلمییان لێ هەڵگیراوە، بەڵام بۆ بە ڕوونی و شەفافی باسیان بۆ خەڵک ناکرێت، یا بۆ ڕەت ناکرێنەوە کە شتی وەها بوونی هەبێت؟ لەم نووسراوەی بەردەستتاندا لە بەشەکانی کۆتایی چەند نموونەیەکی حاشالێنەکراو و بەڵگەدار بۆ ڕوون بوونی باسەکە دێنمەوە.

## ئایا گۆڕینی کۆدی ژێن (Genetische Code) و ئاڵ و گۆڕ لە بوونەوەردا ئیمکانی هەیە

باسی جیدی ژێنێتیک لە ٣٠ ئاگووستی ١٩٧٦ی زایینییەوە دەستیپێکرد، کاتێک کە برەوەی خەڵاتی نۆبێل لە پزشکیدا پرۆفسۆری هێندی، هار گۆبیند خۆرانا (Har Gobind Khorana) لە ئینیستیتۆی تێکنۆلۆژی ماسۆچووسێتی کامبریجی ئەمریکا بە شێوەی مەسنووعی ژێنی پێک هێنا. لەو کاتە بە دوواوە و ئێستایشی لەگەڵ ژێنێتیکەکان توانیویانە نە تەنیا نۆکلیۆتیدسێکوێنسەکانی دێ ئین ئێسەکان (واتە پرۆتێئینەکانی ناو دێ ئێن ئێس یا دێ ئێن ئا) بە شێوەی سرووشتی ئاڵ و گۆڕ پێ بکەن و بییانگۆڕنەوە،

بەڵکو هاوکات توانیویشیانە دێ ئێن ئێسی پرۆتێئینە جیاوازەکان لە گەڵ یەک تێکەڵ بکەن و بییانکەن بە پرۆتێینێکی واحد. شارەزایان بەم بەشە لە زانست کە تەنیا شاخەیەک لە بیۆلۆگییە دەڵێن پرۆتێئین دێزاین یا موهەندسی پرۆتێئین (Proteindesign, Proteinengineering). ئەم باسە لە خۆیدا زۆر باسێکی پیچیدەیە و دەزانم بۆ زۆربەی خوێنەران هیلاککەرە، بۆیە بۆ تێگەیشتنی زیاتری و ئاسانکاری هەوڵ دەدەم نمونە بێنمەوە و بە زمانێکی ساکارتر باسەکە بکەمەوە.
ئەگەر چی بنەمای هەموو ژین و ژیان بە سلول ئەناسرێت، بەلام سلول بچووکترینی هەموویان نیە. سلول خۆی لە مایکرۆمۆلوکولەکان پێک هاتووە و مایکرۆمۆلۆکولەکان لە ئەتۆمەکان پێک هاتوون و ئەتۆمەکانیش کە خۆیان ئەجزایان هەیە وەک ئێلێکترۆن و پرۆتۆن و نێترۆن. کەواتە ئەتۆم بە هۆی جیاوازی باری ئێلێکتریکی ئەجزاکانی خۆی، پڕ جووڵەترین زیندەوەرە بەلام هێشتا بچووکترین نییە و لەوەش بچووکترمان هەیە. سلولەکان خۆیان بە تەنیایی ناتوانن زیاد و کەم بکەن، بۆ ئەم کارەیان پێویستیان بە "پرۆگرامێک" هەیە لە نێو دەروونی خۆیاندا، کە بەو پرۆگرامە دەڵێن دێ ئێن ئێس. (ئەمە زانیارییەکی گرنگە، پرۆگرام لە نێو هەر سلولێکدا، چوونکە وەک باسی دێت پرۆگرامی هەر بوونەوەرێک لەگەڵ ئەوی پاڵ خۆیدا جیاوازە، تەنانەت ئەگەر کەس و کاری نیزیکی یەکیش بن، بۆیە ڕووی داوە و ڕوو دەدات کە ژن و پیاوێک منداڵیان بووە کە قژی یا هەموو مووەکانی لەشی سوور بووە، بێ ئەوەی دایک و باوکەکە خۆیان موویان سوور بووبێت، ئەمە ئاڵ و گۆڕە سرووشتییەکانی ژێنێتیکییە.)

ژێنەکان خۆیان هەڵگری زانستییەکانی ئێرس و میراتی بایۆلۆژیکین. واتە ئەمرۆکە لە ڕووی ژێنی هەموو مرۆڤێکەوە دەتوانرێت زانیاری لەمەڕ جیلەکانی پێشووی ئەو، بۆ نمونە ئەگاتەوە بە چ قەبیلەیەکی مرۆڤە سەرەتاییەکان پەیدا بکرێت و تەنانەت شوێنی ژیانی ئەو قەبیلە و چۆنییەتی ژیانیان و ڕەگەز و هتد ئەتوانرێت بدۆزرێتەوە. ئەم کارە هێشتا لە سەر هەموو مرۆڤەکان نەکراوە، بۆ ئەوەی کە ئەگەر چی کارەکە ئیمکانی هەیە بەلام کارێکی ئێجگار کاتگرە و بۆ ئەم مەبەستە کۆمپیوتەری زۆر خێرا و دەقیق پێویستە، کە ئەوەندەی زانیاری لەبەر دەستی مندا بێت، تەنیا ژاپۆن توانیویەتی تا ئێستا کامپیۆتەری وەها خێرا و دەقیق درووست بکاتن کە تا ئێستا تەنیا هەشت ئامێری وا لە هەموو جیهان بوونی هەیە کە بەش ناکات، بەلام لە دە تا پانزدە ساڵی داهاتوودا ڕەنگە شتی وا ببێتە کاری ڕۆژانەی دەرمانگاکانیش! هەر ئێستا ئەتوانرێت لە نمونە هەڵگرتن لە ئاوی ناو ڕەحەمی ژنێکی سک پڕ کە منداڵی لە سکدایە، کۆمەڵێک زانیاری لەمەڕ ساخ و سەلامەتی ئەو منداڵە و تەنانەت نەخۆشینە ئێرسی و میراتیەکانی کە ڕەنگە لە داهاتوودا تووشی ئەو منداڵە ببن، لە ناو ڕەحەمەوە بناسرێن، یا ئەمرۆکە ئەتوانرێت ژێنی منداڵانێک کە تازە لە دایک دەبن هەڵبگیرێت و لە بانکی تایبەت بە ژێنەکان ڕابگیرێت، بۆ ئەوەی کە ئەگەر ئەو منداڵە لە داهاتوودا کە گەورە بوو و تووشی نەخۆشین و تەسادووف و دەست و لاق پەڕان و پێست سووتان و شتی دیکە بوو، لە ڕووی کۆدی ژێنەکەی خۆیەوە کە لە منداڵییەوە هەڵگیراوە و تەنیا بە خۆی دەخوات، چارەسەری نەخۆشینەکەی بۆ بکەن، یا دەست و لاقی کۆپی کراو لە ژێنی خۆی بۆ درووست بکەن، یا پێستی بۆ درووست بکەن، چوونکە ژێنی هیچکەس بە کەسی دیکە ناخوات هەر وەک چۆن دێ ئێن ئای هیچکەس لە دێ ئێن ئای کەسی دیکە ناچێت، بەلام هی هەر کەسە و پڕ بە پێستی خۆیەتی، واتە هەر کەس زۆر بە باشی بە خۆی ئەخوات.

لە مێژە ژێنێتیکێرەکانی زانستگا گرنگەکانی جیهان پێکەوە لەسەر ژێن کار دەکەن و زانیارییەکانیان پێکەوە دەگۆڕنەوە یا پێکەوە لەمەڕ بابەتێکی تایبەت بە ژێن کار و لێکۆڵینەوە دەکەن و ئاکامی لێکۆڵینەوەکانیان دەخەنە بەر دەستی یەکتر، ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێکی زۆر باش و گرنگە و ئەگەر چی زۆر لە بواری ژێن ناسیندا پێشکەوتوون، بەلام هێشتا نەتوانراوە کۆدی ژێن بە تەواوی بناسرێت، کە ئەگەر ئەو کارە بە ئاکامی خۆی بگات، ئیتر زۆر شت ئاسانتر دەبێتەوە و مرۆڤ ئەو توانایە پەیدا دەکات کە پێش هەزاران ساڵ بوونەوەرە ئینتێلیگێنتە فەزاییەکان لە سەر ئێمەیان کردووە و بە واتای

ئاییني ئەگەر باسی بکەین، ئیتر مرۆڤ سەر لە ڕازی خودا دەردێنێت کە لە ڕاستیدا بوونەوەر و ژیریی یا ئینتێلیگێنس چلۆن درووست بووە!

ژێنەکان ئەجزای دێ ئێن ئێسن و دێ ئێن ئێسیش ئەگەر لە ژێر ئامێری بە هێزی مایکرۆسکۆپ سەیری بکرێت هەر وەک زنجیری باڵتاو یا کۆت یا شەرواڵ دەچێت کە بە دەوری خۆیدا پێچراوە. دێ ئێن ئێسەکان لە نێو دڵی سلولەکاندا جێیان گرتووە و پسپۆڕان باسی ئەوە دەکەن کە ئەگەر هەر دێ ئێن ئێسێک لە نێو سلولدا، (سلولێک بەو چکۆلەییە کە خۆی تەنیا بە ئامێری مایکرۆسکۆپی زۆر بە هێز ئەبینرێت)، دەربهێنرێت و ژێر ئامێری مایکرۆسکۆپ بخرێت و ڕابکێشرێت، نیزیکەی دوو مەتر درێژە، واتە دوو مەتر دێ ئێن ئێسی مایکرۆسکۆپی لە نێو هەر سلولێکدا جێی گرتووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لەشی مرۆڤ خۆی لە سەدان میلیارد سلول پێک دێت کە هەر سلولێک نیزیکەی دوو مەتر دێ ئێن ئێسی تێدایە. ئێستا بۆ تێگەیشتن و ئاسانکاری لە شێوەی کار و ئاڵوگۆڕی ژێنەکان نمونەیەک باس دەکەم. ئەگەر ئەو دوو مەتر دێ ئێن ئێسە (یا دێ ئێن ئایە) وەک دەزووی دروومانی سپی زۆر باریک لە بەر چاو بگرین کە بە حاڵە حاڵ بە چاو ببیندرێت، واتە بە میلیۆن جار گەورەتری بکەینەوە هەم لە باری قەڵەوی و هەم لە باری درێژییەوە گەورەتر نیشان دەدات، کەواتە قەڵەوییەکەی بە قەدەر دەزووی درووومانی زۆر باریک و درێژییەکیشی، کە لە ئەسڵدا نیزیکەی دوو مەترە، با بڵەین بکاتە بیست هەزار مەتر. ئەوجار بە جێگای سلولیش تۆپێکی سپی پینگ پۆنگ لە بەر چاو بگرین. چوون دێ ئێن ئێس دوو لایە، ئەبێت دوو دانە بیست هەزار مەتر دەزو وەک گووریس تێک ئاڵێنین و ئەوجار لە نێو تۆپە پینگ پۆنگەکەی خەین. ئێستا سلولێکمان دروست کردووە کە با بڵەین یەک میلیۆن جار لە سلولێکی ڕاستەقینەی لەشی مرۆڤ گەورەتر کراوەتەوە، بەڵام هێشتا نا تەواوە و کەم و کوڕی هەیە، بۆ کامل بوون ئەبێت بە چوار دەرزی چوار ڕەنگی تەڕی سوور و سەوز و زەرد و شین لە چوار لاوە بکەینە نێو تۆپە پینگ پۆنگەکە، بۆ ئەوەی دەزووەکان (دێ ئێن ئێسەکە) ڕەنگی جۆراوجۆر بە خۆیەوە بگرێت تۆپەکە ڕادەوەشێنین، ئێستا سلولێکی تەواومان هەیە (دیارە مەسنووعی و گەورە و بێ گیان) ئەوجار دێین تۆپەکە (سلول) لەت دەکەین و دەزووەکە دەر دێنین و وەک تەنافی جل و بەرگ هەڵواسین، ئەویش بە درێژایی بیست کیلۆمەتر هەڵدەواسین، کە چاوی لێدەکەین، دێ ئێن ئێسە مەسنووعییەکەمان ڕەنگی جۆراو جۆری بە خۆیەوە گرتووە، کە ئەو ڕەنگانە هەر ئەو پرۆگرامەیە کە لەو دێ ئێن ئێسەدایە، و ئەمە پرۆگرامی خاوەنی سلولەکەیە کە کۆدەکەی هێشتا بۆ مرۆڤ نەناسراوە، واتە ئەگەر ئێمە سلولێکی دیکە بە عەینی شێوە درووست بکەین و ئەمیش لە پاڵ ئەودا هەڵخەین، ڕەنگەکان وەک یەک نین و لە عەینی جێگای وەک یەکدا بە دەزووەکەوە نین و ئەمە جیاوازی پێک دێنێت و ڕەنگە دێ ئێن ئێسی یەکەم ئەگەر با بڵێین هی لەشی کوردێک بێت، دێ ئێن ئێسی دووهەم ڕەنگە هی چینی یا ژاپۆنییەک بێت (بۆ نمونە)، یا ئەگەر هی یەکەم، مرۆڤێکی قژ سوور بێت، ئەوی تریان ڕەنگە هی قژ ڕەشێک بێت و یا ڕەنگە یەکیان هی مرۆڤ بێت و یەکیان هی ئاژەڵ یا باڵندەیەک. ئالێرەدایە کە دەکووترێت ناسینی ژێنی هەموو مرۆڤایەتی سەر زەوی کارێکی زۆر تاقەت پڕووکێن و کاتگرە و پێویستی بە کۆمپیوتەری زۆر خێرا و دەقیق هەیە.

بۆ ئاڵ و گۆڕ پێکردنی ژێنەکان، ئەوەی کە لە باخی ئەدەن (لابراتۆر) کراوە و ئاژەڵی نیاندێرتاڵ کراوە بە مرۆڤی ئادەم و حەووا یا ئادەم و حەوواکان، لە باری تێئۆرییەوە بۆ ئێمە موومکینە بەڵام لە کردەوەدا هێشتا تێیدا سەرنەکەوتووین کە ئاژەڵێک وە قسە بێنین یا ئاژەڵێک بکرێت بە ئێنتێلیگێنت کە بیرەوەری هەبێت و ئەزموونەکان کۆ بکاتەوە و قسە بکات و هەست و سۆزی هەبێت، ئەم کارە کە هەزاران ساڵ پێشتر لە سەر ئێمە کراوە، ئێمە هێشتا ناتوانین لە سەر ئاژەڵی دیکە بیکەین، ئەمە لە کاتێکدا کە دەستمان بە زانستی کلۆن کردن یا کۆپی کردن گەیشتووە بەڵام ڕازی کۆدی ژێنمان هێشتا نە ناسیوە. هەندێک لە پسپۆڕان دەڵێن، بوونەوەرە فەزائییەکان ژێنی خۆیان کە ئاقڵ یا ئینتێلیگێنت بوون لە گەڵ ژێنی ئاژەڵی نیاندێرتاڵ تێکەڵ کردووە و شتێکیان لە بەینی ئاژەڵ و خۆیاندا درووست کردووە کە ئاکامەکەی بووینەتە ئێمە کە بە خۆمان دەڵێین مرۆڤ. کەواتە ئێمە نیوەی ژێنی ئاژەڵ و نیوەی

ئەوانمان تێدایە یا بە وتەیەکی دیکە ئێمە لەشمان ئاژەڵە و ئەقڵمان لە بوونەوەرە فەزاییەکانەوەیە. (ڕەنگە ئەمە ڕاست بێت، بۆیە مرۆڤ هێندە شەڕخوازە، چوونکە نیوەی ئاژەڵە!) کەواتە ئێمەش ئەبێت کار لە سەر ئەقڵی ئاژەڵ بکەین و ژێنی ئەقڵی خۆمان بدەین بەوان، ئەوان لەشییان ناگۆڕێت و هەر وەک خۆیان دەمێنن، بەڵام ئەقڵ و هەست و سۆز و ترس و هتد پەیدا دەکەن و دەکەونە فێر بوونی دەنگ و قسە کردن و ڕەنگە وردە وردە ڕەسم کردن و هتد، ئەمە ئەو شتەیە کە ئەگەر مرۆڤ بتوانێت بیکات، ئیتر زۆر شتی سەیر و سەمەری دیکەش دەتوانێت بکات، وەکوو ئەوەی کە مرۆڤی باڵدار درووست بکرێت!! یا ئاژەڵی باڵدار، هەر وەک چۆن لە ئەفسانەکاندا دەیخوێنینەوە کە ئەسپی باڵدار و هیدیکە بوونیان هەبووە یا ئاژەڵی قسەکەر و یا مرۆڤی چوار دەست و لاق بخووڵقێندرێت. ئێستاش جار و بار لێرە و لەوێ دەبیستین کە منداڵێک بە چوار دەست لە دایک بووە یا پشیلەیەک بە دوو سەر و هیدیکە هاتۆنەتە بوون، ئەمانە سرووشتی ڕوویان داوە، چوونکە بە شێوەی سرووشتی و بە بێ دەستکاری مرۆڤ ژێنەکانیان ئاڵ و گۆڕی تێدا درووست بووە، دیارە ئەگەر دەستی مرۆڤیش لەو ئاڵ و گۆڕەدا بووبێت، ئەوا ناخوود ئاگا ڕوویداوە، ڕەنگە مێکە هاوکات لەگەڵ دوو یا چەند نێردا سێکسی کردبێت و ژێنەکان توشی دوو فاقەیی و ئەمانە بووبێتن، کە لەم حاڵەتانەدا زۆرجار منداڵ یا ئاژەڵی سەیر و سەمەر دێنە بوون!

ئەو کارە بە دەستکاری چۆن دەکرێت؟ بە زمانێکی سادە و لە ڕووی تێئۆرییەوە، ئەگەر دەزووە بیست هەزار مەترییەکە (دێ ئێن ئێسەکە) جارێکی دیکە بخەینەوە پێش چاومان، ئەگەر کامپیوتەر لێکی باتەوە کە بۆ نموونە ڕەنگی سووری دەزووەکە لە کیلۆمەتری حەوت کۆما دوو دا قژی مرۆڤ و خاوەن دێ ئێن ئێسەکە سوور دەکات و یا لە کیلۆمەتری چوار کۆما هەشتدا ڕەنگەکە زەرد بێت هەر ئەو کەسە قژی بۆ نموونە ڕەش یا قاوەیی دەبێت ئەمانە دەبنە بنەما بۆ کۆمپیوتەرەکە. جا ئەگەر دایک و باوکێک بڵێن و بڵێن ئەم منداڵی ئێمە کە بە تەمایە لە داییک بێت، یا هێشتا نووتفەیە و سەرەتایەتی، حەز دەکەین قژی سوور بێت یا با بڵەین بلۆند بێت یا شتی دیکە، ئیتر بۆ کۆمپیوتەر ئاسان دەبێت کە کویێی ژێنەکان لە سەر دێ ئێن ئیسەکە ڕەنگی چی بێت و کوێ چی نەبێت و پاشان بەو ئاڵ و گۆڕە، منداڵی لە دایک بوو، هەر بەو شێوەیە دەبێت کە دایک و باوکی حەزیان لێ دەکرد. کەواتە ئەمە لە ڕووی تێئۆرییەوە دەکرێت لە بەینی ئاژەڵ و مرۆڤیشدا بنەماکان بۆ ئاقڵ بوون و بێ ئەقڵ بوون بدۆزرێنەوە و ئەوجار ئاڵ و گۆڕ لە ژێن و دێ ئێن ئێسی ئاژەڵ پێک بهێنرێت بۆ ئەوەی کە بتوانێت ببێتە خاوەنی ئینتێلیگێنس. لەمە ساکارتر و سادەتر ناتوانرێت شی بکرێتەوە، بەڵام ئەو کارە زۆر زۆر لەمەی کە من سادەم کردۆتەوە پیچیدەتر و ئاڵۆزترە، هەر بۆیە هێشتا تێیدا سەرنەکەوتووین.

کێشەکە وەک باسم کرد ئەمەیە کە کۆدی ژێن هێشتا نەناسراوە یا بە قەولی ڕۆژئاواییەکان قووفڵەکەی هێشتا نەکراوەتەوە و سەر لە ڕازەکەی هێشتا دەر نەهێندراوە، هەر کات ئەو قووفڵە کراوە و ئەو ڕازە دۆزراییەوە، مرۆڤ ئەتوانێت ئیدیعا بکات کە تازە ڕادەی زانستی گەیشتۆتە ڕادەی ئەو کاتەی کە بوونەوەری دیکە هاتوون و مرۆڤیان درووست کردووە یا مرۆڤ ئیدیعا بکات کە دەستی گەیشتووە بە سڕ و ڕازی خودا، لە باری ئایینییەوە.

## ڕووداوی گووندی فاتیمەی وڵاتی پورتوگال لە ساڵی ١٩١٧

ئەم ڕووداوە یەکێک لەو ڕووداوە گرنگانەیە کە هەم کلیسا (ڤاتیکان) و هەمیش دەوڵەتەکان بەسەرهاتەکەیان شێواندووە، بەڵام بە هۆی زۆر بوونی شاهیدانی ڕووداوەکە نەیانتوانیوە هەموو ڕووداوەکە لە زیهنی خەڵکدا بسڕنەوە، بۆیە بە قازانجی خۆیان، هەر وەک پیشەی ئایین بووە، گۆڕیویانە!

لە ڕۆژی سێزدەی مای ساڵی ١٩١٧دا کاتێک سێ شوانی منداڵ دوو کچ و کوورێکی هەشت تا دە ساڵان بە ناوەکانی جاسینتا یا جاچینتا، فرانسیسکۆ و لووسیا(Jacinta Martos, Francesco, Lucia Santos) لە

دەشت خەریکی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان دەبن، شتێکی خڕ و گەورە لە سەر سەریان لە ئاسمانەوە پەیدا ئەبێت، ئووفۆ یا بووشقاب پەڕەندە، وە خێرا ئەکەوێتە پەیام ناردن بۆ منداڵەکان و پێیان ئەڵێت کە هەموو مانگێک جارێک لە ڕۆژی سێزدەهەمی مانگدا وەرنەوە ئێرە و منیش دێمەوە و هەموو جارێک پەیامتان پێدا دەنێرم، بەڵام با ئەم ڕازە لای خۆتان بمێنێتەوە. لانیکەم یەکێک لە منداڵەکان ڕازەکە ڕاناگرێت و بۆ کەس و کاری باس دەکات و ئەمە لە گووندەکە دەنگ ئەداتەوە. مانگی داهاتوو لە سێزدەهەمدا بە کەس و کارەوە دەچن بۆ شوێنەکە و شتە خڕەکە لە ئاسمان پەیدا ئەبێتەوە و خوولاسە ئەمە زیاتر دەنگ ئەداتەوە و وڵات پڕ دەبێت لەو هەواڵە، ئەوکات تلویزیۆن نەبووە کە خەڵک خێرا بەو هەواڵە بزانن، دەم بە دەم هەواڵەکە بڵاو بۆتەوە، و هاوین و پاییزی ئاو ساڵە گووندی فاتیمە ئەبێتە زیارەتگای هەزاران مرۆڤ بۆ دیتنی ئەو ئووفۆیە کە بە گوێرەی وتەی شاهیدان خڕ بووە و خوولاوەتەوە و گلۆپ یا گڕی ڕەنگاوڕەنگی پێوە دیار بووە. ئاخرین جار لە ١٣ی ئۆکتۆبردا هاتووە لە حاڵێکدا کە تا هەشتا هەزار کەس لەو ڕۆژەدا ئامادەی بینینی ڕووداوەکە بوونە کە بەم شێوە گێڕاویانەتەوە: ئەو ڕۆژە ئاسمان بارانی و هەوری بووە، لە پڕ کوونێکی زۆر گەورە لە ئاسمان دەکەوێتە هەورەکان و پاش ئەویش شتێکی زۆر گەورەی خڕ وەک خۆر ڕووناک بەڵام نەک بە تیشکێکی کوێرکەرەوە پەیدا دەبێت و کەمێک ڕادەوەستێت، ئەوجار ئەکەوێتە جووڵان وەک لەرزین و پاشانیش بە ڕاست و چەپی خۆیدا دوو تەکان ئەخوات، پاشان بە تووندییەکی بێ وێنە بە دەوری خۆیدا دیارە ئاسۆیی یا ئوفوقی ئەخولێتەوە و ڕەنگەکانی، سەوز و سوور و ئاوی و بنەوش، تێکەڵ دەبن لە چاوی خەڵکەوە و فەزایەک یا ڕووناکاییەکی فەزایی لەو دەشتە هەموو کوێ وەک ڕۆژ ڕووناک ئەکاتەوە بە جۆرێک کە حازرین وتوویانە بە وشە ناتوانرێت بگێڕدرێتەوە، هێندە سەیر بووە. سێ جار ئەو شانۆیەی بۆ خەڵک دووپاتە کردۆتەوە و سەرجەم دوازدە خوولەک (دەقیقە) بە ئاسمانەوە بووە و لە چل کیلۆمەتری چوارگۆشە یا خۆ بازنەییەوە دیتراوە. (ڕەنگە بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا دیتنی شتی وا زۆر سەیر و سەمەر نەبێت و کەسیش نەخاتە گومانەوە، بەڵام بۆ سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی تێکنۆلۆژی وا هەر دەوڵەتێک بیبوویایە هەر ئەو کات جیهانی بە تاقی تەنیا داگیر دەکرد، کەواتە ئەو تێکنۆلۆژییە سەر ئەرزی نەبووە). سێ منداڵە شوانەکە هەر جارە و پەیامێکیان پێدراوە کە پەیامەکان لە شێوەی تیشک و دەنگی سەیر و سەمەرە مووعجیزە ئاسا بە منداڵەکان گەیندراوە، بە شێوەیەک کە تەنیا ئەوان لێی حاڵی بوون و لووسیا کە لە دوو منداڵەکەی دیکە بە تەمەنتر بووە هەموو جارێک پەیامەکانی لە سەر کاغەز نووسیوەتەوە و ئەوەی ئەو نووسیبوونیەوە و وەک سەنەد هەڵگیراوون و ماون، لە لایەن دوو منداڵەکەی دیکەشەوە هەر ئەوە بە زمان وتراوەتەوە.  ماوەیەکی کورت دوای ئاخرین پەیدا بوونی ئووفۆکە، دوو منداڵە چکۆلەترەکە بە نەخۆشی گیانیان لە دەست ئەدەن، بەڵام لووسیا ئەمێنێت. لووسیا هەموو پەیامەکان ئەنووسێتەوە و ئەیانداتە دەست کشیشی کلیساکەی گووندەکەیان، بەڵام پێی دەڵێت کە ئاخرین پەیام کە سێهەمین پەیامیشە ئەبێت بگاتە دەست پاپا پییوسی دوازدەهەم، پاپی ئەو سەردەمی ڤاتیکان و نابێت تا ساڵی ١٩٦٠ بکرێتەوە و نابێت کەس تا ئەو کات لە ناوەرۆکی ئاگادار بێت، واتە چل و سێ ساڵ دواتر ئەبێت بکرێتەوە و بخوێندرێتەوە، دیارە لووسیای دە ساڵە زانیویە پەیامەکە چییە. ساڵی شەست پاپی نوێی ڤاتیکان واتە پاپا یوهانێسی بیست و دوو لە پشت دەروازەی داخراوەوە و بە نهێنی پەیامەکە لە دەفتەری پاپەکان بە حزووری چەند کشیشی باوەڕپێکراوی ڤاتیکان و وەرگێڕێک بە ناوی پاول یۆس تاوارێس، دەیکەنەوە، بەڵام کە ژوورەکە چۆڵ دەکەن، هەموو بە سەر و چاوی تێک چووەوە دێنە دەر و کەس باسی ناوەرۆکی پەیامەکە ناکات. هەر ئەوکات پاپ ڕادەگەیەنێت کە "ئێمە ناتوانین ناوەرۆکی پەیامەکە بە کەس بڵێین کە ئەگەر کاری وا بکەین پانیک و ترس و سەرلێشێواوی هەموو جیهان دەگرێتەوە." بیست و چوار ساڵ دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ یەک لەو پریسترانەی ئاگای لە پەیامەکە بوو (Alberto Cosme do Amaral) لە وتووێژێکدا کە لە ڕۆژنامەی سەر بە کاتۆلیکەکان بە ناوی "بیلدپۆست" کردبووی، وتبووی: " پەیامەکە زۆرتر ڕووی لە ئایینی مەسیحی بووە و باس کردنی بە زەرەری کلیسایە، بۆیە بڕیار درا نهێنی بمێنێتەوە."

ئێریخ فۆن دێنیکۆن، نووسەر و ئاسەوارناسی سویسی ئەڵێت ئەو پەیامە ڕووی لە ئایینەکان بووە و ڕەنگە شتێکی لەم بابەتە بووبێت کە، "دەست هەڵگرن لە کڵاو سەر خەڵک نان، ڕاستییەکانی بوون و نەبوون و مرۆڤ و سەرهەڵدانی ئایین بە خەڵک بڵێن و دەست لە شەڕ لەگەڵ یەکتر هەڵبگرن و مادام پێشکەوتنیشتان تا ڕادەیەک بە خۆتانەوە بینیوە، خۆتان ئامادە کەن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ بوونەوەرانی دیکەی ئاسمان و گەردوون و بزانن کە ئێوە تەنیا نین کە لە گەردووندا ئەژین."
بەڵام من نووسەری ئەم دەقانە پێم لەوەش زیاتر ڕادەکێشم دەڵێم ڕەنگە ئەو پەیامە ئاواهی بێت: ئەی مرۆڤ کە ئاژەڵ بوون و ئێستا لە خۆتان بایی بوون، ئەگەر دەست لە دووبەرەکی و چەند بەرەکییە ئایینیەکان هەڵنەگرن و ئەگەر ڕاستییەکان نەدرکێنن، ئەوا بە زووی هەمووتان لە زەوی لە ناو دەچن یا لە ناوتان دەبەین و زەوی لە ئەوەڵەوە ئاوەدان ئەکەینەوە، یا خۆ بوونەوەر و ئاژەڵی دیکە دەکەینە مرۆڤ بە جێگای ئێوە! بۆچی وا نابێت؟

## چەند بەڵگەیەک لەمەڕ بوونی ئووفۆ لە زەوی

تا ساڵانی هەشتاکان زیاتر لە هەزار ڕوودا و گێڕانەوە و ڕاپۆرتی سەیر و سەمەر لەمەڕ بوون و دیتنی بوونەوەری فەزایی و سەفینەکانیان (ئووفۆ) سەلمێندراوە و سەبت کراوە. لە سەرەتاکانی هەشتاکاندا کە باسی بوونەوەرە فەزاییەکان پەرەی گرتبوو، لە ڕاپرسییەکدا لە نێو زانستپەروەران و ئاکادێمیککارانی ئەمریکاییدا، لە سەدا بیست و حەوت کەسیان وتبوویان بی شک و گوومان، بوونەوەری فەزایی هەن و لە سەر ئەرزیش بوونییان هەیە، لە سەدا پەنجا و سێ ئیحتیمالیان دابوو کە ڕاست بێت، بەڵام ڕەتییان نەکردبووەوە و لە سەدا دوازدە ئیحتماڵیان دابوو کە ڕاست نەبێت و ڕەتیان کردبووەوە و تەنیا لە سەدا هەشت دڵنیا بوون کە ئەو شتە ڕاست نییە و هەڵبەستراوە، کە ئەمانەش زۆربەیان ئایینی بوونە.
بە پێی ئیدیعاکانی خۆی، لە ١٣ی دێسامبری ١٩٧٣ کلاود فۆریلهۆنی فەرەنسیی (Claude Vorilhon) کە دەچێت بۆ سەردانی کێوی ڤووڵکانزای نیزیک شاری کلێرمۆنت، لە ناو ڕێگادا دەوەستێت کە پشوویەک بدات، لە پڕ تیشکێکی سوور ئەبینێت کە بە سوورعەتێکی بێ وێنە و بێدەنگ لە ئاسمانەوە لێی نیزیک ئەبێتەوە. واق ئەمێنێت و خۆی حەشار دەدات وا دەزانێت بەردی ئاسمانی بەرەو ئەو دەکەوێتە خوار یا ساڕووخێک و شتی وا، بەڵام پاش چەند چرکەیەک کە سەر هەڵدەبڕێت، ئووفۆیەکی حەوت مەتری بازنەیی لە پەنجا مەتری ئەودا لە سەر ئەرز نیشتووە. هەر وا کە سەیری دەکات، بوونەوەرێکی فەزایی دێتە دەرەوە و تا دە مەتری ئەو دێتە پێش و ئەکەوێتە قسە کردن لەگەڵ کلاود، بەڵام لێی حاڵی نابێت، بەس بە ئیشارە تێ ئەگات کە دەڵێت ئەو میوانە و لە هەسارەی دیکەوە هاتووە و گۆیا پەیامی پێیە بۆی و ئەیەوێت ڕۆژانی دیکەش هەر لەو شوێنە بیبینێتەوە. چەند جار یەکتر ئەبینن و پاشان کلاود، کە مرۆڤێکی ئایینی کاتۆلیک بووە، ئەگەڕێتەوە و تووشی ئاڵ و گۆڕی فکر دەبێت و پاش ماوەیەک بۆخۆی فیرقەیەک دائەمەزرێنێت و چەندین کتێب لە سەر ئەو زیارەت کردنە دەنووسێت و خەڵکانێکی زۆر ڕووی تێ ئەکەن و ئێستا فیرقەکەی ئەو کە درووشمی "مرۆڤ هەموو بوونەوەری مەسنووعی دەستی فەزاییەکانین" دەدا و هەم خودا و هەم ڕۆح ڕەت دەکاتەوە، دەیان هەزار ئەندامی هەیە لە هەموو جیهان. چەندە وتەکانی ڕاستە نازانم، بەڵام ئەکرێت شتەکانی بخوێندرێنەوە! دیارە ئایینەکانیش، ئەگەر ڕاست بن، دەکرێت ئاوا درووست کرابن. بۆ نمونە بینینی خودا لە ئەشکەوت یا لە کێوی تووس، بەڵام ئەوانە خودا نەبوونە کە دیتراون بەڵکوو فەزایی بوونە!
ئاندریاس شنایدێری ئاڵمانی لاوێکی کەم تەمەنە کە بە قسەی خۆی لە ١٨ی نۆڤامبری ١٩٨٢ کاتێک شەو لە خەو ڕادەپەڕێت و ئەچێتە دەر، لە پڕ ئووفۆیەک کە ڕەنگی سوور و شین و سەوزی بە دەورەوە لێ دیارە بە ئاسمانەوە لە سەر سەری وەستاوە، ئەم لە ترسان هۆشی لە خۆی دەچێت، بەڵام لە نێو ئووفۆکەدا خەبەری ئەبێتەوە، کۆمەڵێک بوونەوەری زۆر "میهرەبان" نازی دەکێشن و ناو ئووفۆکەی

پیشان دەدەن و بە جۆرێک تێی ئەگەیێنن کە لە داهاتووی نیزیک و نە چەندان دووردا کارەساتێک بە سەر زەویدا دێت و ئەوانیش ناتوانن یا نایان هەوێت یارمەتی مرۆڤ بدەن، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان تا چاویان بە ئووفۆ ئەکەوێت هێرشی هەواییان بۆ دەکەن و لێیان دەخەنە خوار و هتد!

لەم جۆرە گێڕانەوە و بەسەرهاتانە زۆر تۆمار کراون، بەڵام بەڵگە گرنگەکان لە دەست دەوڵەتەکان و بە تایبەت لە دەست ڕێکخراوی فەزایی ئەمریکا، ناسادان. بە کورتی چەند دانەی دیکە دەگێڕمەوە، خەلەبانی فرۆکەی نەفەر هەڵگری دی سی هەشت پاش نیشتنەوەی لە سەر زەوی دەگێڕێتەوە کە ئووفۆیەک وەک گاڵتە پێکردن لە ئاسمان گاڵتەی پێکردووە، بۆ ئەوەی ئەو بە سورعەتی نوور توانیویەتی بێت و بڕوا، لە چرکەیەکدا ون بووە و لە چرکەیەکدا لە بەر دەمی فڕۆکەکەی ئەمدا قووت بۆتەوە و ئەوجار بە تەواوی ون بووە. یا سەرنشینەکانی کەشتییەکی ژاپۆنی ناسراو بە یاڵ یا ژاڵ (JAL) ئووفۆیەک لە سەر سەریان ئەبینن، کە ماوەیەک هەر وا دەمێنێتەوە و ئەوجار ون دەبێت، ڕاپۆڕتەکەی دەدرێتەوە بە دەوڵەت، بەڵام دواتر هیچ باسی لێناکرێت. فرێدریک ڤالێنتیچ ئوستڕاڵیایی بە فڕۆکەیەکی سووک و بچکۆلە لە ئاسمان ئەسووڕێتەوە، لە پڕ لە ڕێگای بێ تەلەوە (فوونک یا بێسیم) ڕووداوی دیتنی ئووفۆیەک دەگێڕێتەوە کە زۆر گەورەیە و بە سەر سەرییەوەیەتی. پاش ماوەیەک پەیوەندییەکەی ئەپسێت و تا ئێستا نە فریدریک بۆخۆی و نە فڕۆکەکەیشی نەدۆزراونەتەوە! لە نیوزیلەند ئووفۆیەک ئەبینرێت و خەڵک فیلمی لێ هەڵدەگرنەوە. لە برازیل ڕادارە زدی هەواییەکان باڵگرێکی سەیر و سەمەر دەبینن کە بە سورعەتێکی بێ وێنەی کە تا ئەو کات نەیاندیتبوو لە ئاسمانی برازیل دەسووڕێتەوە، ئەرتەش دوو فڕۆکەی شەڕکەر دەنێرن بزانن ئەوە چییە، خەلەبانە برازیلییەکان تەنیا نوور یا تیشک دەبینن کە دێت و دەڕوا و قەت ناتوانن بیگەنێ، ئەو بە سورعەتی نور دێت و ئەڕوات و ئەمەش هەر تۆمار دەکرێت و سەری لێ دەنرێتەوە، بەڵام خەڵکی برازیل ئەوانەی ڕووداوەکەیان بینیوە، قەت لە بیریان ناچێتەوە و شارەزایان دەڵێن، برازیل تەنیا وڵاتێکە کە ئەگەر لەوێ باسی ئووفۆ و بوونەوەری فەزایی و ئەم شتانە بکەین، پێت پێ ناکەنن، بەڵکو باوەڕت پێ دەکەن! بەڵگە و فاکتی دیکە زۆر و بۆرن، لە ئینتێرنێت دەست دەکەون، بۆیە من هەر ئەوەندە باس دەکەم.

## کۆمەڵێک وتراوە و بەڵگە و زانستراوی دیکە

- هەموو ئایینەکان مزگێنی گەڕانەوەی خوداکان یا پێغەمبەرەکەیان بە ڕێڕەوانیان ئەدەن. جولەکە ٥٧٠٠ ساڵە کە مزگێنی گەڕانەوەی میسیاس و دروست کردنەوەی هەمدیسانیی جیهان ئەدات. مەسیحیەکان زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵە مزگێنی گەڕانەوەی عیسای باوکیان دەدەن و چاوەڕێن بێتەوە و جیهان لە چنگ زوڵم و زۆری ئایینەکانیتر ڕزگار بکات و موسوڵمانەکانیش هەروەتر چاوەڕوانی ئاخر زەمان و بەشێکیشیان مزگێنی گەڕانەوەی مەهدی دەدەن. تەنانەت مایاکانیش باوەڕیان بە گەڕانەوەی خوداکان لە ٢١.١٢.٢٠١٢ دا هەیە. دەستپێکی ئایینەکان کە هەموو بۆخۆیان تەقمین یا ڕۆژژمێری (تەقویمی) تایبەت بە خۆیانیان هەیە و بە مێژوویەکی تایبەت بە خۆیانەوە کە بۆیان گرنگە دەست پێ دەکەن، دروست کردنەوەی جیهان، لە دایک بوونی عیسا، هیجرەتی محەمەد لە مەکەوە بۆ مەدینە و هتد.

- مەعلووم نییە دەقیقەن کەی، ئایا ئەو ڕێکەوتەی مایاکان بە هۆی ئەو هەڵانەی کە ڕەنگە لە تەقویمەکاندا ڕوویان دابێت ڕاستە یا نا، بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان خوداکان یا هەر ئەو فەزاییەکان، بۆ سەردانیش بووبێت یا خۆ نەزم دانەوە بە زەوی و بە مرۆڤایەتی دەستکردی خۆیان، دەگەڕێنەوە سەر زەوی.

- ئارتوور شۆپێنهاوەری فیلەسووف (1788-1860) وتوویە: "ئەگەر ئەم جیهانەی کە دەیبینین خودایەک دروستی کردبێت، ئەوا من قەت نامهەوێت خودا بم، ڕووداوە ناحەزەکان و بێ سەرە و بەرەبییەکان و ناعەدالەتیەکان و هتد دڵم دەشکێنن و وە ژانم دەخەن."

- ئێرناندۆ پۆرتێس، فاتیحی ئەمریکای ناوەڕاست و نیشتمانی مایاکان، کاتێک بە سێ کەشتی بە ڕێوە بوو، مایاکان پێیان وابوو کە کوکول کان، ئەو خودایەی کە باوەڕیان پێی هەبوو، گەڕاوەتەوە، بۆیە سوجدەیان بۆی برد.

- لە کاتی شەڕی بەینی ژاپۆن و ئەمریکادا لە ناوچەیەک پایگای نیزامی ئەمریکای لێ دەبێت کە فڕۆکە دێن و دەنیشن و دەڕۆن. خەڵکی ئەو ناوچە پێیان وادەبێت کە ئەوانە فەزاییەکان یا خوداکانن کە گەڕاونەتەوە، بۆیە سوجدەیان بۆ دەبەن و پاش چۆڵکردنی پایگاکە، خەڵکەکە لە دار پەیکەری فڕۆکەیەک درووست دەکەن و ڕۆژانە دەچنە زیارەتی.

- بوونەوەرە فەزاییەکان وەعدەیان داوە کە دەگەڕێنەوە و ئەمە دواتر لە هەموو ئایینەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و ئەدەبییاتی ئایینەکان پڕن لەم جۆرە وەعدە و وەعیدانەی گەڕانەوەی خووداکان بۆ سەر زەوی و ڕزگار کردنی مرۆڤایەتی لە چنگ خراپە. هەمووشیان لە دژی یەکن و یەکتر بە خراپ ئەزانن و هەموویان بۆخۆیان لە ناو خۆیشیاندا پڕن لە تەناقوسات و دووبەرەکیی لە فیکر و هزردا.

- پەرستنگای مایاکان بە ناوی تیکاڵ لە گواتامالای ئەمڕۆ لە بەرزاییەکی بێ ئاودا دروست کراوە و کانالی ئاویان بۆ هێناوە یەکێک لە گرنگترین پەرستنگاکانی مایاکانە. ئەوان زیاتر لە هەشتا پەرستنگایان هەیە کە هەموو لە شێوەی هێرەمدان. هەموو لە ڕێگای ئاسترۆنۆمی و ئەستێرەناسییەوە و زانایانە دامەزراون بۆیە لە لای زەریا و چۆمە پڕ ئاوەکان دانەمەزراون. زەریای پێدێنیتسا چل کیلۆمەتر دوورترە لەو شوێنی تیکاڵ. شتێک (ئوفۆیەک) لەو شوێنە بیندراوە و پێیان وایە کە خوداکان لێرە دابەزیبون و هەر لێرەش جارێکی دیکە دائەبەزن، بۆیە ڕێک ئەو تەپۆڵکەیان کردووە بە پەرستنگای تیکاڵ. لە پەیکەر و وێنە مووقەدەسەکانیان دیارە کە خوداکانیان کڵاویان بە سەرەوەیە، وەک فەزانەوەردەکانی ئەمڕۆ، و ئامێریان بە دەستەوەیە. مایاکان بە پێی تەقویمەکەیان پێیان وایە ٢٢.١٢.٢٠١٢ یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی خوداکان و دەستپێکی دەورێکی نوێیە لە ژیان، بۆ ئەوەی خوداکان نەزم و تەرتیب دەدەنەوە بەزەوی و بە مرۆڤایەتی.

- سپانییەکان کە نیشتمانی مایاکانیان دۆزییەوە و داگیریان کرد، سەدان کتێب و پەڕتووکی ئایینی و زانستی مایاکانیان لە ناو برد و پریستر و پیاوە ئایینییەکانیان کووشت، لەو هەموانە تەنیا سێ پەڕتووک ماونەتەوە کە لە درێسدنی ئاڵمان و مادریدی سپانیا و پاریسی فەڕەنسە لە مووزەدا ڕاگیراون. ناویان ناون کۆدێکسی درێسدن و مادرید و پاریس. تەقویمی مایا بە میلادی، ١١. ئاگووستی ٣١١٤ پێش زایینی دستی پێکردووە.

- پەڕتووکەکانی چیلام بالام، ئەوانەن کە پیاوە ئایینیەکانی مایاکان کە گیانیان بە دەر بردبوو و خۆیان حەشار دابوو، لەبەر نووسیبوویاننەوە. لە پێنجەمین کتێبدا نووسیبوویان " ئەوان (خوداکان) لە جادەی ئەستێرەکانەوە لە ئاسمان بەرەو خوارەوە دابەزینە خوار، بە زمانی سەرسووڕهێنەری ئەستێرەکانی ئاسمان قسەیان دەکرد. نیشانەکانی هاتنی ئەوان دڵنیاییمان

پێ ئەبەخشن کە ئەوان بە ڕاستی لە ئاسمانەوە هاتن، وە ئەگەر جارێکیتر بێنەوە خوار بۆ سەر زەوی، ئەو شتانەی کە کاتی خۆی خوولقاندیانن، جارێکی دیکە نەزمی پێ ئەدەنەوە."

- لە بازنەیەکدا کەس ناتوانێت بڵێت کە دەسپێکی بازنەکە کوێیە، گەردوون بازنەیەکە کە کەس نازانێت سەرەتای دەست پێ کردنی کەی و کوێ و چۆن بووە.

٢٠ی سەرماوەزی ٢٧١٠

سەرچاوەکان:


Wir alle sind Kinder der Götter, **Erich von Däniken**
**Internet, Wikipedia, Youtube**